# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی شەشەم ژمارە (139) بەرواری 1-3-2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی دوانزەهەم


## ریفۆرم و شۆڕش...


خەبات لە دژی گەندەڵی ماڵی و ئیداری..ل 9


## وتەی ژمارە

## کوردستان پێویستی بە شۆڕش و ڕاپەرینێکی ئاسۆداری شۆڕشگێڕانە هەیە!

چەند ڕۆژی داهاتوو، ٣٢ هەمین ساڵیادی راپەرینی خەڵکی کوردستانە، بەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و دیکتاتوری رژێمی فاشیستی بەعس. بە جیا لەوەی کە راپەرینی خەڵکی کوردستان لە چوارچیوەی ئاسۆی زاڵی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و جەنگخوازی ئەمریکا ڕوویدا، بەڵام ریشەی راپەرینی خەڵکی کوردستان، سەرکوت و بێمافی سیاسی و کلۆمدانی ئازادییەکان و ژێر پێخستنی مافی سیاسی خەڵکی بوو، لەسەر بنەمای داسەپاندنی ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا.



سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی بەعس، بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و سوتماککردنی کوردستان و زاڵکردنی کەشێکی زاڵی سام ئاوەر بەسەر شارو شارۆچکەکاندا، لە نەبوونی بەدیل و حزبێکی شۆرشگێر و خەباتگێردا، خەڵکی کوردستانی ناچار بە کۆبونەوە لەدەوری هەر ئاسۆ و سیاسەت و نەخشەیەک دەکرد، کەلاوازکردنی ڕژێم یان روخاندنی بخاتە دەستوورەوە. لە هەلومەرجێکی ئاواداو لەدڵی سیاسەتی جەنگی ئەمریکادا بەمەبەستی داسەپاندنی دووبارەی هەیمەنەی خۆی بەسەر دنیادا و لە چوارچێوەی خۆبەستنەوەی رەوت و بزوتنەوە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی بە سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکادا و بانگەوازی درۆینەی" ئازادکردنی عێراق" دا، خەڵکی کوردستان بۆ رزگارییان لە ستەم و زوڵمی نەتەوایەتی و سەرکوتی سیاسی بەردەوام، ئیرادەی خۆیان رادەستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کرد و لەسەر بانگەوازی ئەوان و بە هاندان و نەخشەی ئەوان، پاش چەخماغەدانی راپەرین و خۆپیشاندان لەخواروی عێراق، هاتنە مەیدان و لە ماوەیەکی کەمدا سەرجەم دام و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان و دەسەڵاتی سیاسی رژێمی بەعسیان راماڵی.

خەون و خولیای راپەریوان، بەپلەی یەکەم بۆ ئازادی و زامنکردنی مافە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بوو. بۆ دەست ڕاگەیشتن بوو بە خەونی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆی دوور لەداگیرکاری. ئەم خەون و خولیایە لە ژێر سایەی ڕژیمێکی تاسەر ئیسقان


بۆ لاپەڕە 2


## مامۆستایانی وانەبێژ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران کۆبونەتەوە بۆ دامەزراندن، پێویستان بە پشتیوانییە!



جارێکی تر ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی وانەبیژ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەولێر کۆبونەتەوەو داوا دەکەن دابمەزرێن.. دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە مامۆستایانی وانەبێژ نارەزایەتی دەردەبڕن و کۆدەبنەوە، بەڵکو تا ئێستا دەیان جاری تر جگە لەوە یاداشتی نارەزایەتیان داوەتە لایەنە پەیوەندیدارەکان، چەند جارێکیش چ لەبەردەم وەزارەتی پەروەردەو چ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر کۆبونەتەوە تا خواستی زۆر سادەو


بۆ لاپەڕە 3


## بێدەربەستی و گەندەڵی لەبواری تەندروستیدا درێژەی هەیە...





گومان لەوەدانییە، سلکی تەندروستی لە هەرێمدا وەکو زوربەی کەرتەکانی تر، سەرریژە لە گەندەڵی و دزی و تاڵانی و لەوەش زیاتر ژیانی دەیان و سەدان و هەزارانی ئینسانی بێ وادە کێشاوە... راستی ئەم بۆچۆنە بەر لەوەی لە زمانی کەسوکاری قوربانیانی کەرتی تەندروستی دانی پیانرابێت، لەلایەن خودی میدیا و بەرپرسانی کەرتی تەندروستییەوە، دەیان جار دانی پیانراوە... نەبوونی دەرمان و پێداویستی تەندروستی تا.


بۆ لاپەڕە 3


## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


◆ وتارێکی لینین لە یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی کرێکار.........................ل4
◆ ستەم کێشی و بێمافی و هەڵاواردنی ژنان ریشەی لە نیزامی چینایەتی و........ل4
◆ کاکەلاو تەحسین وەلامی پرسی رۆژ دەداتەوە.............................................ل5
◆ گەڕانەوە بۆ عەرەقە فەلەکە..........................................................................ل6
◆ گرنگی بەشداری سیاسی بۆ ئافرەت...............................................................ل7
◆ یاسای خێزان، ئەو یاسایەی ئیرادە بۆ ئینسان بوونی ژن دەگێڕێتەوە.............ل7
◆ خۆشەویستی و هەندێك لە شیعرەکانی کارل مارکس..................................ل8
◆ لاهورشێخ جەنگی و بەکارهێنانی کارتی سوتاو...........................................ل11

## دۆسیەی ژمارە " ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"

هاوڕێ ڕێبوار عارف وەلامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل 10_11


ل8 کۆشەی ئەدەب و هونەر
ل7 پرسی ژن
ل5 پرسی ڕۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

دیکتاتۆرو ملهوری سەرمایەدارییدا، لە ولاتێکدا کە ستەم نەتەوایەتی بوبووە گرێ کوێرەیەکی ئالۆز و سەرچاوەیەک بۆ ململانێی نیوان بزوتنەوەی دەسەلاتداری بەعسی سەرمایە لەلایەک و بزوتنەوەی ناسیونالیستی وێڵ بەدوای بەشداری لەدەسەلاتی بەعسدا، رەوا و هاوکات دەمێک بوو ببووە پێداویستیەکی گرنگ. ئەوەی کە ئەم خەونەی لەبەین برد، و سەربەخۆی کورستانی کردە کاریکاتۆر، بووە کۆسپ لەبەردەم فەراهەم کردنی ئازادیە سیاسییەکان و مافەکانی خەڵکی کوردستان، بەر لەهەموو فاکتەرێک، نەبوونی حزب و لایەنی سیاسی شۆرشگێر و چەپی بەهێزو هیلّی سیاسی سەربەخۆی پشت بەستو بەرێگاچارەی بەشی پێشرەوی چینی کرێکار بوو... لە نەبوونی حزب و لایەنی شۆرشگێر و بەهێزو ئاسۆیەکی رۆشنی جیاوازی رزگاری بەخش و سۆشیالیستیدا، بە کردەوە خەڵکی کوردستان بوونە زەخیرە بۆ ئامانجە ناسیونالیستیەکان و سەرئەنجامیش بووە هۆی داسەپاندی دەسەلاتی حزبە ناسیونالیستە کوردییەکان...بەسەر ژیان و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەو دۆخەدا بەدەسەلات گەیشتن و لەیەکەمین هەنگاوی دەسەلاتدارێتیاندا، یەکەم: هیرشیان کردە سەر شوراکان و رابەرانی شوراکان، کە تاکە دیاردەی جوان و جورێکی تر لە بەرێوەبردن و سەرچاوەی نواندنی ئیرادەی راستەوخۆ و ئازادانەی لەخوارەوەی جەماوەری بوو، بەزۆری هێز دایان خستن. دووەم: خۆیان کۆکردەوەو ئامادەکاریان کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەعس لەدلّی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا. سێهەم، دەستیان برد بۆ کوشتاری ژنان لەژێر ناوی شەرەف و هاوکاریکردنیان لەگەڵ دەزگاکانی بەعس، لە کاتیکدا تاوانبارە سەرەکیەکانی ئەنفال و پیاوە چاو ساغەکانی سەر بەبەعس لێبوردنیان بۆ دەرکرا. چوارەم هەنگاویان، دەستبردن بوو بۆ دزی و تالانیەکی کەم وێنە و ئاودیوکردن و هەرزان فرۆشکردنی ممتەلەکاتەکانی دام و دەزگا و کۆمپانیا و کارگە و کارخانەکان و پرۆژەکان و پرۆژە تەواو نەکراوەکان.

ئەم هەلومەجەی کە بناغەکانی دەسەلاتی ستەم گەرانە، خۆشخزمەت، دژە ژن،



تالانچی، دژە ئازادی دارشت و ٣٢ سالّە درێژەی هەیە... راستەوخۆ ریشەی لەو دەسەلاتەدایە کە لەیەکەمین هەنگاوەکانی دەستگیربوونی لەدەسەلاتدا، دەستیان بۆبرد.

ئیستا ٣٢ سالّە، دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی سات و سەودا بە کیشەی خەڵکی کوردستانەوە دەکات و کردویەتە دەستمایەی درێژەدان بە مانەوەو دەسەلاتی. ٣٢ سالّە دژە ئازادی و ئازادییەکان و ژێرپێخستنی ئیرادەی سیاسی بۆتە ناسنامەو سیمایەکی ئینکار نەکراوی. ژن کوشتن و پارێزگاری کردن لەو یاسایانە سەردەمی بەعس و یاسای باری کەسێتی، کە رەوایەتی بە کوشتاری بەردەوامی ژنان دەدات، توند دەستیان پێوەی گرتووە. دزی و تالانی و ئاشکرای مافیا ئاسا، بەردەوامی هەیە کە لە سەدی بێخمەو و شوێنەکانی ترەوە دەستی پیکردووە تا گەیشتۆتە دزین و دەست بەسەراگرتنی نەوت و کێڵگە نەوتیەکان و قۆرغ کردنی بازار و داهاتی سەر زەوی و ژیر زەوی.

وە لە ئاکامی ئەو سفەت پیشەیانەیدا، کە بۆتە تایبەتمەندی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، جەماوەری کرێکار و دەستکورتی کوردستان تا هاتووە هەژار تر و بێماف تر بوون و خۆیان و چینە داراکانیش دەولّەمەندترو تەسەڵ تر... و قلّشتی چینانیەتی تا هاتووە فراوان بۆتەوە. ئایندەی سیاسی کوردستان نادیارو ئالۆزکاو راگیراوە، مافە فەردی و مەدەنییەکان، زەوت کراون، ئازادییەکان بە تۆرێک پیرۆزی پوچ، کلّۆم دراون... ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و تاکەکانی تیکشکێنراوە. ژنان و توندوتیژی و کوشتارییان بێ وەستانە، کۆمەڵگە لەهەموو بارێکەوە پاشەکشەی پێکراوە، لەباری فەرهەنگ و کەلتورەوە تا ساناترین خزمەتگوزارییەکان.

دیارە هاوکات لەگەڵ ئەو واقعیە تاڵەدا کە دەسەلات دای سەپاندووە، تورەیی و نەفرەتی جەماوەریش تا هاتووە بەرەو هەڵکشان چووە، تا رادەیەکی زۆر نەک هەر خۆشباوەری بەدەسەلات و ئۆپۆزیسێۆن رەویوەتەوە، بەلّکو خواستی کۆتاییهینان بەو دەسەلاتە بۆتە مەسەلەی میحوەری... ئەم چەند سالّەی دوایی چەندین خۆپیشاندانی فراوانی جەماوەری یەخەگیری دەسەلات بووە، خەڵکی کوردستان وەکو مافیا تەماشای ئەو دەسەلاتە دەکەن، خواستی کۆتاییهێنان بەو دەسەلاتە تا دێت بەرینتر دەبێتەوە.

ئێستا دوای ٣٢ سالّ، بەسەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستاندا بە دژی بەعس، جێگای خۆی داوە بەئامادەکاری بۆ راپەرین و راماڵینی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی... ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە زیاتر لە ٦ مانگە بزوتنەوەو راپەرینی شۆرشگێرانە لە ئیراندا بەردەوامی هەیەو راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی کوردستان هەیەو توانایی و ئەزموون دەبەخشێتە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش بۆ سەرکەوتن و راماڵینی دەسەلاتی نەنگینی بۆرژوازی کورد. بۆیە پێویستە ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیەی لە کوردستاندا بەتایبەتی بەدوای ١٧ شوباتی سالّی ٢٠١١ وە دەستی پیکردووە، و بالای کردووەو خواستەکانی لەداوکارییەوە بۆ ڕاماڵینی دەسەلات، هەڵکشاوە. خۆشباوەری بە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی رەویوەتەوە، پیویستە، ببێتە خاوەنی نەخشە، ببێتە هەڵگری ئاسۆیەکی رۆشنی رزگاری بۆ چینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگە... دەبێ بۆ ئەو نەبەردە قۆڵی خەباتکارانەی لێ هەڵبماڵین...

**عەبدوڵا مەحمود**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیایینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاّوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاّوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاّوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاّوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاّوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاّوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاّوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**بە جیا لەوەی کە راپەرینی خەڵکی کوردستان لە چوارچیوەی ئاسۆی زاڵی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و جەنگخوازی ئەمریکا ڕوویدا، بەلاّم ریشەی راپەرینی خەڵکی کوردستان، سەرکوت و بێمافی سیاسی و کلّۆمدانی ئازادییەکان و ژێر پێخستنی مافی سیاسی خەڵکی بوو، لەسەر بنەمای داسەپاندنی ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا...**

## درێژەی...مامۆستایانی وانەبێژ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران کۆبونەتەوە بۆ دامەزراندن، پێویستان بە پشتیوانییە؟

ڕەوای خۆیان کە دامەزراندنە بگەیەنن، بەڵام وەکو هەمیشە نەک تا ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدەنگ داخوازی مامۆستایانی وانەبێژەوە نەهاتوون، بەڵکو تەنانەت ئامادەنەبوون گوێ لە خواستەکانیان بگرن.. مامۆستایانی وانەبێژ بەهۆی دانەمەزراندنیانەوە تادێت ژمارەیان زیاد دەکات، ئەگەر لە کابینەی پێشوودا نزیکەی ١٨ هەزار مامۆستای وانەبێژ هەبوو، ئێستا بۆتە نزیکەی ٤٠ هەزار مامۆستای وانەبێژ کەداوای دامەزراندن دەکەن.



بە هەموو پێوەرێک مامۆستایانی وانەبێژ مافی خۆیانە دابمەزرێن، مادام خەریکی وانە وتنەوەن واتە خوێندکاران و قوتابخانەکان پێویستیان بە مامۆستا هەیە... دانەمەزراندنیان تەنها پەیوەندی بەچاوچنۆکی دەسەلات و وەزارەتی پەروەردەوە هەیە کە نایانەوێت مامۆستایانی وانەبێژ، لە ماف و ئیمتیازەکانی مامۆستایان بەهرەمەند بن و هەر کاتیکیش ویستیان دەریان بکەن... ئەوە لە کاتێکدایە دەیان هەزار کەس لە بەش و کەرتەکانی کۆمەڵگەدا دادەمەزرێن کە هیچ رۆڵێکیان لەخزمەت بە کۆمەڵگەدا نییەو کۆمەڵگەش نەک پێویستی پێیان نییە، بەڵکو بوونەتە بار بەسەریەوە... دامەزراندنی دەیان هەزار کەس و موچە پێ بەخشین پێیان بەناوی جۆراوجۆری خانەنشینی پێشمەرگە، پیشمەرگەی سەنگەر، شەهیدی قەڵەم" کە زۆرێکیان هەر فەیکن" تا دەگاتە بەخشینی داهاتێکی زۆر بە خانەنشینانی دەستی حزب و حکومەت و پەرلەمان، بێ ئەوەی بەکردەوە هیچ رۆڵکیان بووبێت... هەروەها دامەزراندنی هەزاران مەلا وەکو بانگخواز، کەهیچ رۆڵێکیان نییەو کۆمەڵگە سیخناغ کراوە لە مزگەوت و مەلای بەلاشخۆر... کەچی مامۆستایان کە لە سلکی پەروەردە و فێرکردنن و خزمەتێکی گەورەو بەکردەوە بە خوێنکاران و کۆمەڵگە دەکەن، دانامەزێنرێن و گوێ لە داواکاریەکانیان ناگیرێت... ئەم دوو فاقیە لە مامەڵەی دەسەڵات هیچ واتایەکی نییە جگە لەوەی ئەم دەسەڵاتە باکی بە سلکی پەروەردە و خوێندن و فێرکردن نییەو بۆ دنەدانی کۆنەپەرستیش، هەتابڵی دەست بڵاوە.

مامۆستایانی وانەبێژ بۆ ئەوەی خواستی ڕەوای دامەزراندن بەسەر دەسەڵات و وەزارەتی پەروەردە بسەپێنن، پیویستە یەکەم دریژە بە نارەزایەتیەکانیان بدەن و شیوازی هەمەچەشن بە نارەزایەتیەکانیان ببەخشن...دووەم پیویستە رێکخراو بن و بە یەکریزی و یەکگرتووی نارەزایەتیەکانیان بەرەو پیش ببەن، تەنانەت دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە رێکخراوەی بەرگری لە مافەکانی خۆیان دروست بکەن... جیا لەوانە پیویستە بانگەوازی مامۆستایانی تری دامەزراو بکەن کە پشتیوانیان بکەن و مامۆستایان ئەرکیانە پشتیوانی لە مامۆستایانی وانە بێژ بکەن... تەنانەت مامۆستایانی وانەبێژ پیویستە پشتیوانی کەسوکاری خوێندکاران بۆ خواستە رەواکانیان بەدەست بهێن و نابێ بەتەنها بمێنەوە... ئەزموونی هەموو نارەزایەتی و خۆپیشاندان و کۆبونەوەیەکی سەرکەتوو نیشانیداوە، ریکخراوبوون مەرجی سەرکی سەریەک خستنی هێزەو تەنها ئەو ڕیگایە دەتوانێت ببێتە گوشاری هەمەگیر بۆ بەدیهاتنی داخوازییەکانیان. نابێ مامۆستایانی وانەبێژ بە تەنها جێ بهێڵرن، ئەوان پێویستیان بە پشتیوانی ییە، با پشتیوانی بەکردەوەیان بین.

### بۆپێشەوە

**مامۆستایانی وانەبێژ بۆ ئەوەی خواستی ڕەوای دامەزراندن بەسەر دەسەلآت و وەزارەتی پەروەردە بسەپێنن، پیویستە یەکەم دریژە بە نارەزایەتیەکانیان بدەن و شیوازی هەمەچەشن بە نارەزایەتیەکانیان ببەخشن...دووەم پیویستە رێکخراو بن و بە یەکریزی و یەکگرتووی نارەزایەتیەکانیان بەرەو پیش ببەن، تەنانەت دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە رێکخراوەی بەرگری لە مافەکانی خۆیان دروست بکەن... جیا لەوانە پیویستە بانگەوازی مامۆستایانی تری دامەزراو بکەن کە پشتیوانیان بکەن و مامۆستایان ئەرکیانە پشتیوانی لە مامۆستایانی وانە بێژ بکەن...**

## درێژەی... گەندەڵی لەبواری تەندروستیدا درێژەی هەیە...

بەکارهێنانی دەرمانی ماوە بەسەرچوو، گرانی دەرمان و بازرگانی و قاچاخچێتی بەدەرمانەوە، تا دەگاتە بێ دەربەستی بەرپرسان وبەرامبەر بەو کەرتە هەستیارە، بەجۆرێکە کە گومانی لای خەڵکی کوردستان نەهێشتۆتەوە، کە ئەم کەرتەش وەکو هەموو بوارەکانی تر بەرەو وێرانەیی دەڕوات و هۆکاری سەرەکی ئەوەش چاوچنۆکی و بی دەربەستی دەسەڵاتی سیاسییە کە لەپێناو قازانجدا، لەلایەکەوە ئەو سلکەیان دەستبەسەردا گرتووەو لەلایەکی تریشەوە ویژدانی خۆیان لەبەرامبەر لێکەوتەکانی سلکی تەندروستیدا خەواندووە. لەدوا بەدواداچووندا کە تۆڕی هاوکاری تەندروستی بڵاوی کردۆتەوە، ئاماژە بە دەوامی پزیشکانی پسپۆر و پزیشکی دەرمانساز لە سنوری تەندروستی سلێمانی دەکات، کە تیایدا نیشانی دەدات ئەم کەرتە نەک بە کارەکانی خۆی هەڵناستێت و بەڵکو لەزۆر حاڵەتدا کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە... بۆ وردەکاری زیاتر لەخوارەوە بەدواداچوونی تۆری هاوکاری تەندروستی گشتی بخوێننەوە:

دەوامی پزیشکانی پسپۆرو پزیشکی دەرمان ساز لە سنوری تەندروستی سلێمانی.،..

ماوەی زیاتر لە سێ مانگە وەک ڕۆژنامەوانێکی تەندروستی بە دواداچون دەکەین لە نەخۆشخانەو مەڵبەندە تەندروستییەکان لەسەر چۆنییەتی دەوامی پزیشکان لە ئەنجامی ئەو بەدوا داچونە دەرکەوت کە....

□. لە ڕۆژدا پزیشکانی پسپۆر بە ئارەزوی خۆیان دەوام دەکەن لە نەخۆشخانەکان تەنها کاتێکی کەم دێنە نەخۆشخانە بۆ بینینی نەخۆشی عیادەکانیان .

□. پزیشکی پسپۆڕ لە شەودا نامێنێتەوە لە نەخۆشخانە دەبێت بە تێل بانگی بکەیت بۆ حاڵەتی کت و پڕ هەنێک جاریش نایەن مقیم اقدمێک دەنێرێت بۆ بینینی نەخۆش هەروەها پزیشکی ئێشکگری سۆنەر لە دوای دەوامەوە نەخۆشەکانی بۆ کۆدەکەنەوە کات ژمێر٨ بۆ ٩ ی شەو ئەگەر بێت یان نا ئەویش پزیشکێکی مقیم اقدمی سۆنەر دەنێرت ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک دەمێنێتەوە دوای ئەوە هەر نەخۆشێک هەبێت دە بێت تا ١٠ ی بەیانی چاوەڕێ بکات. ئەگەر حاڵەتی کتوپڕیش بێت کە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و منداڵ بوون بەردەوام حاڵەتی کتوپڕ هەیە بەداخەوە چەندین هاووڵاتی باجی ئەو حاڵەتانەی داوە.

□. سەرەڕای بونی زیاتر لە هەزار دکتۆری دەرمانساز لە هیچ نەخۆشخانەیەک نییە دەرمانخانەکەی پزیشکی دەرمانساز دەرمان توزیع بکات تەنها پزیشکی دەرمان ساز بۆ ئیمزای طلبیە ی دەرمان بونی هەیە .

لەگەڵ بونی ژمارەیەکی زۆری پزیشکی سۆنەر، بەڵام چەند کاژێرێکی کەم دەوام دەکەن.

بەڕاستی لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر پزیشکی پسپۆڕ هەیە لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام بونییان نییە لە دەوامدا تەنانەت کە بۆ سەفەریش بۆ دەرەوەی وڵات هیچ مۆڵەتێک وەرناگرن و کەسیش هیچ اجراتێک بەرامبەریان ناکات.

لە ئێستادا چەندین نەخۆشخانەو مەڵبەندی تەندروستی داخراون و ڕاوێژکاریەکانی ئێوارانیش وێران بووەو کەمی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانیش لەلایەکی تر هەموو ئەمانە هاووڵاتی بێزار کردووە .

لەگەڵ لەکار کەوتنی ئامێرەکانی MRIو نەبوونی یان کەمی قەرەوێڵەی چاودێری و نەبونی زۆرێک لە پشکنینە تاقیگەییەکان وای کردووە بازاڕی نەخۆشخانە تایبەتەکانی قەرەباڵغ و گرانی نرخ نەبونی چاودێری ئاستی تەندروستی بە شێوەیەکی ترسناک دابەزاندووە .

لێرەوە دەپرسین ئەکرێ پزیشکێک لە دوو شوێن عیادەی هەبێت زۆری پزیشکەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و لەدەرەوەش عیادەیان هەیە و لە نەخۆشخانە حکومیەکانیش دەوام ناکەن .

ئەوەیە گەندەڵی لەبواری تەندروستی .

داوا دەکەین لێپرسراوانی تەندروستی و سەندیکاکان سەردانێکی ئەنوەر شێخە و ئاسیاو سەفین و ڕۆیاڵ و هتد بکەن بزانن چ باسە؟

# وتارێکی لینین لە یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی کرێکار

**(لینین بە جۆش و خرۆشەوە لەلایەن نوێنەرانەوە پێشوازی لێکرا.)**

هەڤالان، بە مانایەکی دیاریکراو کۆنگرەی ژنانی سوپای کرێکاران بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە یەکێک لە کارە قورسەکانی خەباتکردن لە هەر وڵاتێکدا کۆکردنەوەی ژنان بووە. شۆڕشێکی سۆسیالیستی ناتوانێ ڕووبدات، تا ژنان ڕۆڵێکی گەورەی تێدا نەگێڕن.

لە هەموو وڵاتە شارستانییەکان، تەنانەت پێشکەوتووترین وڵاتیش، لە ڕاستیدا ژن لە کۆیلەی ماڵەوە زیاتر نییە. ژنان لە هیچ دەوڵەتێکی سەرمایەداریدا، تەنانەت لە ئازادترین کۆمارەکانیشدا، لە یەکسانییەکی تەواو بەهرەمەند نین.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆماری سۆڤیەت، هەڵوەشاندنەوەی هەموو سنووردارکردنەکانی مافی ژنانە. حکومەتی سۆڤیەت هەموو ئەو یاسایانەی بەتەواوی هەڵوەشاندوتەوە کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تەڵاق، کە سەرچاوەی سەرکوتکردن و زەلیلکردنی ژنانە.

بەم زووانە ساڵێک بەسەر دەرچوونی یاسای ئازادی ڕەهای جیابوونەوە تێدەپەڕێت. هەروەها فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی هەموو جیاکارییەکانی نێوان منداڵی شەرعی و ناشەرعی و لابردنی سنووردارکردنی سیاسیشمان پەسەند کردووە. لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان یەکسانی و ئازادی ژنانی کرێکار بە تەواوی جێگیر نەبووە.

ئێمە دەزانین کە ئەوە ژنانی چینی کرێکارە کە دەبێت تەواوی قورسایی یاسا کۆنەکان لە ئەستۆ بگرێت.

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا یاساکانمان هەموو ئەو شتانەی لابردووە کە مافی ژنانیان پێشێل کردووە. بەڵام بابەتی گرنگ یاسا نییە. لە شار و ناوچە پیشەسازییەکان یاسای ئازادی هاوسەرگیری بە باشی کاردەکات، بەڵام لە گوندەکاندا لە زۆر حاڵەتدا بێکاریگەرە. هێشتا هاوسەرگیری ئایینی لەوێدا زاڵە. ئەمەش بەهۆی کاریگەریی قەشەکان و پیاوانی ئایینییەوەیە، خراپەیەک کە بەرەنگاربوونەوەی قورسترە لە یاسای کۆن.

دەبێت زۆر وریا بین لە بەرەنگاربوونەوەی ئایینییەکان؛ هەندێک کەس بە وروژاندنی هەستی ئایینی زیانێکی زۆر بەم خەباتە دەگەیەنێت. پێویستە لە ڕیکلام و پەروەردە کەڵک وەربگرین. وروژاندنی هەستی ئایینی مەیلی دابەشکردنی خەڵک لەسەر بنەمای ئایین بەردەوام دەکات، لە کاتێکدا هێزی ئێمە لە یەکگرتوویيدایە. قووڵترین سەرچاوەی ئایینی هەژاری و نەزانییە؛ وە ئەوەش ئەو دوانەیەیە کە دەبێت دژی بجەنگین.

پێگەی ژن بەراورد کراوە بە پێگەی کۆیلە؛ ژن بە ماڵەوە بەستراوەتەوە و تەنها سۆسیالیزم دەتوانێت لەو دۆخە ڕزگاریان بکات. ئەوان تەنیا کاتێک بە تەواوی ئازاد دەبن کە کشتوکاڵی تاکەکەسی بچووک بگۆڕین بۆ کشتوکاڵی بەکۆمەڵ و کاری بەکۆمەڵ لەسەر زەوی. وە ئەمەش ئەرکێکی قورسە. بەڵام ئێستا کە "کۆمیتەی جووتیارانی هەژار" پێکهێنراون، کاتی چەسپاندن و بەهێزکردنی شۆڕشی سۆسیالیستییە.

هەژارترین توێژی دانیشتوانی گوندەکان تازە دەستیان بە ڕێکخستن کردووە و سۆسیالیزمیش خەریکە پێگەیەکی بەهێز لەم ڕێکخستنانەی جووتیارانی هەژاردا بەدەست دەهێنێت.

لە ڕابردوودا زۆرجار شارەکان سەرەتا بوون بە شۆڕشگێڕ، دواتر گوندەکان. بەڵام شۆڕشی ئێستا پشت بە گوندەکان دەبەستێت. ئەزموونی هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان دەریخستووە کە سەرکەوتنی شۆڕشێک پەیوەستە بە بەشداری ژنان تێیدا. حکومەتی سۆڤیەت هەموو هەوڵێک دەدات بۆ بەهێزکردنی ژنان بۆ ئەنجامدانی کاری سۆسیالیستی پرۆلیتاری سەربەخۆ.

حکومەتی سۆڤیەت لە دۆخێکی سەختدایە، چونکە ئیمپریالیستەکانی هەموو وڵاتان ڕقیان لە ڕووسیای سۆڤیەتە و خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵیدا ئامادە دەکەن، چونکە



شۆڕشی ئێمە ئاگری شۆڕشی لە ژمارەیەک وڵاتدا هەڵگیرساندووە و هەنگاوی یەکلاکەرەوەی بەرەو سۆسیالیزم ناوە.

ئەوان هەوڵی لەناوبردنی ڕووسیای شۆڕشگێڕ دەدەن، چونکە زەوی ژێر پێیان ئاگری گرتووە. دەزانن بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ئەڵمانیا تەشەنە دەکات. لە دانیمارک کرێکاران شەڕی حکومەتەکەیان دەکەن. لە سویسرا و هۆڵەندا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە تا دێت بەهێزتر دەبێت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەم وڵاتە بچووکانەدا بۆ خۆی هیچ بایەخێکی نییە، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لەو وڵاتانەدا شەڕ نەبووە و "مەرجدارترین" سیستمی دیموکراسییان هەیە. ئەگەر وڵاتانی وەک ئەمانەش سەرهەڵبدەن، دڵنیاییمان پێدەبەخشێت کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرانسەری جیهاندا بەهێزتر دەبێت.

تا ئێستا هیچ کۆمارێکی تر نەیتوانیوە ژن ئازاد بکات. حکومەتی سۆڤیەت یارمەتیان دەدات. ئامانجی ئێمە پاشەکشە قبوڵ ناکات، چونکە چینی کرێکار پاشەکشە قبوڵ ناکات. بزووتنەوەکەی ئێوە فراوانبوون و بەرەوپێشچوونی ئەم شۆڕشە سۆسیالیستییە نەپساوە نیشان دەدات.

(چەپڵەی درێژ. هەمووان سروودی نێودەوڵەتییان دەوتەوە).

١٩ی نۆڤەمبەری ١٩١٨

ئەم وتارە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لە ژمارە ٢٥٣ی "ئیزۆستیا"دا بڵاوكراوەتەوە.

**لە ئینگلیزییەوە تەرجومەی کوردی کراوە**

**توانا محمد نوری**

## ستەم کێشی و بێمافی و هەڵاواردنی ژنان ریشەی لە نیزامی چینایەتی و سەرمایەدارییدایە...

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری، جیاکاری ڕەگەزی و جنسی و بەتایبەتیش جیاکاریی نیوان ژن و پیاوە لە بواری ئابوری و بەرهەمهیناندا لە پێناو زامنکردنی زۆرترین قازانجدا. لەو ڕاستایەشدا دەمەزرەدکردنەوەی بیروباوەری دواکەتوانەو هەڵاواردن ئامێز، ڕەوایەتیدان بە پلەی دوویی ژنان و ستەمکێشی هەزار سەرە، تا دەگات بەزەوتکردنی مافە فەردی و مەدەنییەکان و بەرگی یاسایی بەخشین پێیان، بەشێکن لە پایەکانی کەڵەکەی سەرمایە.

بۆژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی وەکو بەشێکی لێکهەڵپێکراو لەگەڵ بۆرژوازی جیهانی، دابەش بوونی ئینسانەکان بەگشتی و دابەشکردنی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاو بەتایبەتی، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زامنبوونی کەڵەکەی سەرمایە، بەدەستەوە گرتووە. لەوەش زیاتر لەڕێگای دەمەزەردکردنەوەی بیروباوەری پرتوکاوی کۆن و خێڵەکی و عەشایەری، تێکەڵکردنی دین و مەزهەب لەگەڵ یاساکاندا و شۆرکردنەوەی بۆ ناو ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ماف و ئازادییەکانی ژنانی بە قێزەونترین شێوە لە قاڵبداوە. ژنان بەشێوەی گشتی و ژنانی کرێکار بەتایبەتی، ڕووبەرووی هەلومەرجێکی یەکجار سەختن. جیاکاری لە قەڵەمرەوی بەرهەمهێنان و ئابوریدا لە چەشنی جیاکاری لەموچە و لە هەڵبژاردنی کار و پیشەدا، جیاکاری لەسەعات کار و کار دابەش کردندا، جیاوازی لە بیمە و خزمەتگوزارییەکاندا، لەهەموو ئاستەکاندا دەبینرێت. لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ژنان بەجیا لە کاری دەرەوەیان وەکو کرێکار و کارمەند، ناچارن ئەرکی ماڵ و ماڵداری و مناڵداری، کاری سەختی تر لەئەستۆ بگرن. لە بواری یاسایی و مافەکاندا ژنان لە مەسەلەی زەواج و جیابوونەوە، میرات و سەرپەرشتی خێزان، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و خاوەندارێتی ماڵ و موڵک، تەنانەت جل وبەرگ پۆشیندا، یەخسیری هەمان بەرژەوەندیەکانی سودی سەرمایە و سەرمایەدارین.

**پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## بەڕێز کاکەلاو تەحسین ؛ وەڵامی پرسی رۆژی ژمارەی داوەتەوە...



**پرسی رۆژ:**

**ئەزموونی سیاسی حزبەکانی ناو پرۆسەی سیاسی و ناو پەرلەمان و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، لە هەلومەرجێکی قەیراناوی وادا گوزەر دەکات کە ئێرەیی پێنابردرێت. لە ٣٢وەمین ساڵرۆژی ئەو پرۆسە سیاسیە بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیەوە بەرەو ئاقارێکی نادیار ڕێدەنێت. ئایا کێشەکە سیستەمی پەرلەمانیە و دەسەڵاتێکی دروستکردووە کە دوورکەوتۆتەوە لەخەڵك و جەماوەری کوردستان؟ یان نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکە کە بتوانێت چیکە ڕێنەدات ئەو سیستەمە قۆرخکاریە بەردەوام بێت؟**

**یان وەك هەموو دنیا ئەو سیستەمە دیموکراتی و پەرلەمانیەی گوایە لەهەموودنیا پیادە دەکرێت دەبێ گۆڕانکاری تێدابکرێت و هاوڵاتی خۆی بتوانێت بەمانا عەمەلیەکەی خۆی بەڕێوەبەرێت و دنیایەکی باشتر بۆ گشت هاوڵاتیان مەیسەر بکات، نەك دابەشکاری ٩٩٪ بەرامبەر ١٪؟**

**کاکەلاو تەحسین بەمجۆرە وەڵامی پرسی رۆژی داینەوە:**

بۆ وەڵامی پرسیارەکانتان، سەرەتا بە پرسیارکردن دەستپێدەکەین. ئایا کورد لە باشور راپەڕیوە؟ کورد دەسەڵاتی گۆڕیوە یان ئەقڵ و سیستەم؟ کورد لە دوای راپەڕین دامەزراوەمان بۆ حوکمڕانی دروستکرد یان بۆ حاکم بوونی حیزب؟ گەر لە راپەڕین بە دروستی بگەین ئەوکات چاوەڕوانی و گلەیەکانمان لە دوای راپەڕین واقیعی تر و راست تر دەبێت. باشور بە پلان و بەرنامە رانەپەڕیوە بەڵکو بە کاردانەوە و رێکەوت بووە! ئیتر ئەوە سەرەتای هەمو کێشەکانە کە تۆ نەزانیت چیت دەوێ؟ چۆن پێی دەگەی؟ ئامرازەکانت کامانەن؟ لە دوای راپەڕین هەڵبژاردنمان کرد بەڵام باوەڕمان بەچەك بەهێز تر بوو لە سندوقی دەنگ دان. بۆیە دواتر بەرهەمی یەکەم پەرلەمان شەری ناوخۆ بوو. بە گوتار خەباتمان دەکرد بۆ گەڕانەوەی کەرکوك؛ بەڵام بەرهەمی ئەو گووتارە جیاکردنەوەی سلێمانی و هەولێر بوو لە یەکتری. دروشممان دیموکراسی بوو؛ بەڵام هەر حیزبەی زۆنێکی بە یەك رەنگی بۆخۆی دروستکرد، ئۆپۆزسیۆنی دۆستی دەسەڵاتیان دروستکرد، ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەش لە شەقام گوللە باران دەکا. دواتر خول بە خول پەرلەمان بێ بەهاکرا بێ رۆڵکرا، هەوڵدەدرا پەرلەمان یەك رەنگ بێت! ئاخر پەرلەمانی هەموو دونیا بۆ رێکخستنی جیاوازییە، کەچی لە هەرێم بۆ نەهێشتنی جیاوازییە! بۆیە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ هەموو هێزەکان بەیەك لیستی یەکگرتوو چونە هەڵبژاردن. بۆیە سەرەتا دەسەڵات نەیهێشت پەرلەمان هەر لە دایك بێت بە سروشتی خۆی و ئیفلیجی کرد. دواتر لە ٢٠٠٩ ئۆپۆزسیۆن دروستبوو کە لای من ناوی جولانەوەی کاردانەوەی شەقام بوو یان پۆپۆلست، ئەوانیش بۆ ئەوە هاتبوون بە ئۆپۆزسیۆنی حوکم بکەن، نەك چاودێری حوکمەت بکەن. ئەوانیش باوەڕیان بەوە نەبوو بێن لە پەرلەمان خەبات بکەن، بۆیە کاتێك نەوشێروان مستەفا و عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەر وەك پەرلەمانتار ناویان دەرچوو، نەك نەهاتن سوێندی یاسایی بخۆن، بەڵکو ئامادە نەبوون دەست لەکارکێشانەوەش پێشکەش بە پەرلەمان بکەن! بۆیە پەرلەمان بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت کورسیەکانی چارەسەرکرد. ئیتر وەك وتم چونکە بۆ دەسەڵات وەرگرتن دروست ببوو، بۆیە بەرگەگرتنی تەنها بۆ یەك خول بوو، خولی دواتر بووە هاوبەشی دەسەڵات. لێرەوە ئۆپۆزسیۆن هەم رۆحی ئۆپۆزسیۆنی کوشت و خەڵکی بێ هیوا کرد، هەم دەسەڵاتی بەهێزکرد. لە لایەکی تر؛ ئێمە کە باس لە دیموکراسی دەکەین تەنها باسی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەکەین، ئەمەش تابلۆکە تەواو ناکات، چونکە دیموکراسی پێویستی بە کۆڵەکەی تر هەیە وەك بازاڕی ئازاد، سەروەری یاسا، میدیای سەربەخۆ، زیندوویەتی کۆمەڵگای مەدەنی، دەستور، سەربەخۆیی دادگا، بێ لایەنی سوپا...تاد، ئێمە هەمو ئەوانەمان وێران کردووەو هاتووین تەنها بۆ دروستکردنی دیکۆرێکی دیموکراسی پەرلەمانمان دروست کردووەو کەی زانییان هەڵبژاردن لە قازانجی دوو حیزبەکەیە ئەوا هەڵبژاردنێك دەکەن. لێرەوە دەبێت خەڵك هۆشیارانە رۆڵ ببینن لە دروستکردنەوەی سەرجەم دامەزراوەو بەهاکان، دەبێت ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە هەناسە کورت نەبێت، و باوەڕکردنیش بە چیرۆکی چاکسازی و باشتر بوونی حوکمڕانی لەسەر دەستی ئەو دوو حیزبە دەبێت کۆتایی بێت، وەهمی ئومێدی باشتر، رۆژ بەرۆژ هەرێمی زیاتر گەڕاندەوە دواوە.

فەشەلی هەڵبژاردن و پەرلەمان لە رێژەی بەشداری خەڵك لە دوا هەڵبژاردن روون بوو، کە کەمتر لە نیوەی دەنگدەر باوەڕیان بە دەنگدان نییە، و چارەگێك لە دەنگدەر متمانەی بە دەسەڵات بەخشیوە، بەڵام ئەو ئاماژەیە لە بێ هیوایی خەڵك لە هەڵبژاردن دەبێك خاڵێك بێت بۆ حیزبەکانی دەرەوەی ئۆپۆزسیۆن و بزووتنەوە ناڕازییەکان ورێکخراوەکان، ئایا خەڵك باوەڕی بە خەباتی پەرلەمانی نەماوە یان بە حیزبەکانی گۆڕەپانی سیاسی؟ ئایا دەست بە ریفۆرم بکرێت ئەوسا هەڵبژاردن یان دوای هەڵبژاردن ریفۆرم بکرێت؟ ئەم بێ هیوابوونە لە هەڵبژاردن لە خزمەت کێیە؟ بە رای من تا ئەلتەرناتیڤێکی تر نەبێت بۆ هەڵبژاردن، ئەوا نابێت بێ هیوا بین لە هەڵبژاردن و پەرلەمان، چونکە ئەوە خزمەت بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی پۆپۆلیست دەکات. گەر گلەیی لە تەزویرە؟ دەبێت هەوڵ بۆ کەمکردنەوە بدرێت، دەبێت خەڵکی گونجاو بنێرن بۆ پەرلەمان لە پاڵ هەڵبژاردن رەخنەو ناڕازیەکان لە بەرامبەر کۆی کایەو پاراستنی بەهاکان گەشە پێبدەین، چونکە ریفۆرم و باشترکردنی گەر دوابخەین بۆ رێکەوتنی دەرفەتێکی نێودەوڵەتی وەك راپەڕین ئەوسا دەست پێبکەین؟ ئەوا هیچمان نەکرد جگە لە دوبارەکردنەوەی مۆدیلێکی تری سەرنەکەوتووی هاو شێوەی دوای راپەڕین.

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# گەڕانەوە بۆ عەرەقە فەلەکە

نووسینی: دلێر محەمەد نوری

بەپێی مادەی ژمارە ١٤ لە یاسای داهاتی شارەوانییەکانی عێراق، بۆ لەمەودوا هاوردەکردن و فرۆشتن و دروست کردنی خواردنەوە کحولییەکان یاساغ دەکرێت. هەرکەسێکیش ئەم کارە بکات سزای ماڵی دەدرێت کە لە نێوان ١٠ بۆ ٢٥ ملیۆن دیناری عێراقیدا خۆی دەبینێتەوە. هیوادارم ئەم یاسا نا پەسەندە، بە مافی هەوادارانی خواردنەوە کحولییەکان، نەگاتە هەرێمی کوردستانیش. بەڵام گوومانم لەم دەسەڵاتدارانە کە لە باوەشکردنە سەلەفییەکدا، بۆ کەمێک دەنگی سەلەفییەکان لە هەڵبژاردنێکدا، ئەم یاسایە لە بەرژەوەندی حزبەکانی دەسەڵات و ئیخوانیەکاندا بقۆزنەوە. جاران هەرچەند خادمولحەرەمەیەن ئەلشەریفەین لە بەرەی جیهادییە وەهابییەکان بوون، بەڵام هەمیشە چاوپۆشیان لەو بارە حوشترە ویسکییانە ئەکرد کە بۆ مەسرەفی خەدەم و حەشەمی دەسەڵات لە سەحرای عەرعەرەوە بە قاچاخ ئەگەیشتنە سعودیەی شەریف. بەڵام وا دیارە لە سایەی شێخ محەمەدی بین عەلمانی، ئیتر پاداشتی عێراق ئەدەنەوە. لەمەبەدوا بە قاچاخ بردنی پێچەوانەی بارە حوشتری ویسکی بەرەو عێراقی شیعە ئێرانی، لە سعودیەوە بەڕێ بکەوێت.

عەرەب قسەیەکیان هەیە دەڵێن "کل ممنوع مرغوب" واتا هەموو یاساغێک ئارەزوولێکراوە. لەسەر تیشکی ئەم بۆچوونە، ئەو لەچکەی لە ئێران چل ساڵ بە ئاگر و ئاسن سەپێنرا، وای لە ژنە ئێرانییەکان کردبوو بۆ قژ ڕووتکردنێک بگەنە شەقامەکانی سلێمانی و هەولێر یان ئەورووپا و وڵاتانی دراوسێ. تا دواجار بە تیشکی ئاگری شۆڕشەکەی ژینا ئەمینی (ژن. ژیان. ئازادی)، هەموو لەچکەکان لە بەرچاوی عەمامەکان سووتێنران. بەڵام لەم باشورەی کوردستانەدا چونکە لەچککردن تا ڕادەیەک ئازادییەکی تاکە کەسییە، پۆچ پۆچ کچان لە مەراسیمی پالاپۆشیدا، ئارەزوومەندانە سەروقژیان زیندانی ئەکەن لە حیجابدا. بۆیە ترسی من لەم یاسایەی عێراق ئەوەیە، ڕێژەی خواردنەوەی مادە کحولییەکان نەک کەم نەبێتەوە بەڵکو ببێتە دوو هێندە، جاران کە ئازاد بوو، بەڵام ئێستا کە ئەبێتە قاچاخ.

لە گەنجیمدا، جارێکیان بە یاوەری پورزایەکی باوکم چووم بۆ بەغدا. ئەو پورزایەم بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە هاتووچۆی بەغدای ئەکرد. یەکەم جار بوو شارێکی وا گەورە و پڕ لە خەڵک و ئۆتۆمبیل ببینم. لە هۆتێلەکەشدا، هەم دەنگی مۆسیقای شەوانە و هەم جمەی خۆش مەشرەبەکانی ڕێستورانتی هۆتێلەکە، بۆ من شتێکی کەمێک نوێ بوو. لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە، ئەمجارەیان خۆم بە یاوەری هاوڕێیەکم بۆ سەردانی دکتۆر چووین بۆ بەغدا. کە چوومە هۆتێل فەلەستین میردییان، وامزانی لە تاران لامداوە نەک بەغدا. هوتێلەکە بە جۆرێک بوو، بە چوار دەورا، وێنەی عەمامە بە سەرەکانی ئێران بوون. ڕێسپشنەکەی هۆتێل، کوڕێکی گەنجی روح سووکی لێ بوو. پرسیمان ڕێستورانتەکە کراوەیە؟ وتی بەڵێ بەڵام تەنها بۆ نان خواردن، خۆ ئەگەر (بە دەنگێکی کز) شتێکی دیکەتان ئەوێت، پێم بڵێن، بۆتانی ئەنێرمە سەرەوە. بێ ئێوە ناخۆش مەزە و خواردنەوەی پێویستی بۆ ناردین بەڵام بە دزییەوە. هەر ئەو ڕۆژە ئاماژەیەکی خراپم بەدی کرد بۆ داهاتووی عێراق. ئاماژەیەک بۆ کۆپی کردنی یاساکانی ویلایەتی فەقیە لە عێراقدا.

عێراق لە کۆپی کردنی یاسا و عورفەکانی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی هەنگاوی خێرا ئەنێت. ڕۆژێک یاسای فرە ژنی و ڕۆژێکیش تەمەنی بە شوودان و ڕۆژێکی دیکەش ڕەزامەندی وەلی ئەمر بۆ گەشتی ژنان و ئەمڕۆش نۆرەی یاسای قەدەغەکردنی مادە کحولییەکان. هەرێمی کوردستانیش لە سایەی دەسەڵاتدارانی نا مەسئوول و تەوژمی توندی ئیخوانی و سەلەفی وەهابیدا زۆر ئاسان ئەو یاسایانە پەسەند بکات. ئەوسا خەباتی سەددان ساڵی حزبە مارکسی و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و دیموکراتخوازەکان لە سەفقەیەکی هەرزانی سیاسیدا کەڕەتی سفر ئەکرێت.

من نازانم حکومەتی عێراقی بیرێکی لەو هەزاران مەسیحییانەی بەغدا و کەرکوک و موسڵ و دواجار سلێمانی و هەولێر و دهۆک کردۆتەوە کە لە ئەنجامی وەها یاسایەک بێ کاروکاسبی ئەبن. مەسیحییەکان کە ساڵەهایە هەم خەریکی شەراب دروستکردن و هەم خاوەن فرۆشگای خواردنەوە کحولییەکانن لە سەرتاسەری عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

من هەم خەمی دەست و پەنجەی سوری مەسیحییەکانمە بە ڕەنگی شەرابی ترێ، گەر شەراب دروست کردنیان لێ قەدەغە بکەن، ئیتر بەو پەنجانە چی بشێلن لە جیاتی ترێ؟ وە هەم خەمی ئەوەشمە کە کاسبییەکەیان ببێ بە قاچاخ و مانگانە بە ڕێی دادگاوە بن بۆ پێدانی سزای ماڵی. هاوڕێیەکی ڕۆژهەڵاتیم هەیە کە خۆش مەشرەبە ئەویش. ڕۆژێک لێم پرسی ئەرێ بەڕاست کاتێ لە ئێران بووی خواردنەوەتان دەست ئەکەوت؟ لە وەڵامدا وتی بەڵێ بە گران و بە زەحمەت و بە ترسیشەوە لە شەلاق لێدان گەر ئاشکرا بووینایە. بەڵام ئێمە بۆ خۆمان لە میوە، هەم عەرەق و هەم شەرابیشمان دروست ئەکرد لە ماڵەوە. واتا شەراب و عەرەقی فەل. جا بۆیە هەر لە ئێستاوە با مەشروب خۆرەکانی هەرێم خۆیان فێری دروست کردنی عەرەقە فەلەکە بکەن لە ماڵەوە.

ماوەتەوە بڵێم هەشتاکانی شاری کەرکووک، تەنها مەلای مزگەوتەکان و نوێژخوێنە بە تەمەنەکان نەیاندەخواردەوە، دەنا خواردنەوە لای گەنجەکان یەکێ بوو لە ئارەزووە باوەکان. مامێکم هەبوو لەو مەشروب خۆرانە بوو. لە سەروو بەندی لێدانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە شەڕی کوێتدا، کەرکووک یەکێک بوو لەو شارانەی کە زۆرترین بۆردومان کرا، نە ئاو و نە کارەبا و نە هیچ خزمەتگوزارییەکی بە پێوە نەما و هیچ شت و مەکێکی ئەسڵیش دەست نەدەکەوت. مامیشم لە گەڵ هەندێک گەنجی گەڕەک هەم فیراری سەربازی بوون و هەم بێ کار و دەست بەتاڵ بوون. کە کۆئەبوونەوە لە ژوورە قوڕەکەی سەربانی خانووەکەمان، بە دیار بووتڵە عەرەق و شەرابی فەلی ماڵە مەسیحییەکان. تا ڕەحمەتێکیان بۆ موسوڵمانێک ئەنارد هەزاریان ئەنارد بۆ ئەو ماڵە مەسیحییانەی کە خەریکی دروستکردنی عەرەقی فەل بوون. ئاخۆ بڵێی هەرێمیش ئەم هەنگاوەی بەغدا بگرێتە بەر و کاربەدەستانی لە جیاتی قاچاخچێتی نەوت ئەوجا ئەبن بە قاچاخچی خواردنەوە کحولییەکان بۆ مەشروب خۆرەکانی ناوەند و باشووری عێراق؟

## تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ڕاپەڕینی ئێران

**ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و ڕاپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و ڕادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم ڕەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی ڕاپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی ڕۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆرش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و ڕاپەرێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن...**

# گرنگی بەشداری سیاسی بۆ ئافرەت"

**نوسینی / دکتۆر ڤیان سلێمان**

"بەشداری سیاسی ئافرەت بە شێوە فراوان و سەرتاسەرییەکەی، نا تەنیا دەنگدان و خۆ پالاوتن، بەڵکوو بوونی ڕۆڵی کاریگەر لە گشت دەسەڵاتەکان و دامودەزگاکانی جێبەجێ کردن و ناوەندی بڕیار، یەکێکە لە بنەماکانی هەر سیستەمێکی دیمۆکراسی و پێویستییەکی بەڵگە نەویستە بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی نەرم و هاوسەنگ کە بە عەقڵ و دونیابینی هەر دوو ڕەگەز دابڕێژرێت و پیادە بکرێت، نەوەکوو تەنیا پیاو، چونکە بە دڵنیاییەوە سیاسەت پرسێکی گشتییە و شتێک نییە کە تایبەت بێت بە یەکێک لە ڕەگەزەکان.

سیاسەت گرێدراوی ژیانی هەر مرۆڤێکە، ئەمەش لەبەرئەوەی کۆی کایەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن و بڕیاردان کە ژیانی ئێمەی مرۆڤ ڕێک دەخەن بەندن بە سیاسەتەوە، واتە سیاسەت کایەیەکی گرێدراوی کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگەیە، سیاسەت حوکمڕانی مرۆڤەکانە نەوەکوو یەکێک لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ.

نابەرامبەری لە بەشداری و ئامادەیی لە کایەی سیاسەت لە نێوان ئافرەت و پیاو یاخود لاوازی بەشداری ئافرەت بەراورد بە پیاو مێژوویەکی دوورودرێژ و هۆکاری فیکری و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە، نابەرامبەرییەکە بۆ ئەو بنەما نا لۆژیکییانە ناگەڕێتەوە کە بە هۆیەوە ئافرەت لە سیاسەت دوور خراوەتەوە،

بەڵکوو وەک بوارەکانی دیکە فاکتەری بایۆلۆجی و سایکۆلۆژی کراوەتە پاساو بۆ دوورخستنەوەی ئافرەت لە سیاسەت و کایەکانی دیکەش.

ئاشکرایە کە لە ئێستادا بارودۆخەکە گۆڕاوە و بەشداری سیاسی ئافرەت هەنگاوی گەورەی بڕیوە، بە تایبەت لە وڵاتە پیشەیی و پێشکەوتووەکان.

مایەی خۆشحاڵیمانە کە لە هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتووە و تەنانەت دەتوانین بڵێین لە هەندێک ڕووەوە ئافرەتان قۆناخی بەشدارییان بەرەو هاوبەشی تێ پەڕاندووە، بە تایبەت لە نێو دەسەڵاتی یاسادانان، کەس ناتوانێت نکوڵی لە گرنگی بوونی دوو ئافرەت لە دەستەی سەرۆکایەتی و زیاتر لە سی و چوار ئەندامی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان و ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و دادوەری بەدیهاتوون، بکات. لە هەمان کاتدا ئەوەش دەبینین کە زۆری ماوە ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی بەرەو قۆناخی هاوبەشی بچێت.

بە گەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی پشت لاوازی ڕۆڵی ئافرەت لە سیاسەتدا، دەبێت بە دوای چارەسەرییەوە بین، واتە لە هۆکارەکاندا چارەسەری بدۆزینەوە، کاتێک بەشی سەرەکی ئەو نابەرابەرییە دەگەڕێتەوە بۆ پیاو کە بە کاریگەری هزری پیاوسالاری بواری بە ئافرەت نەداوە لە سیاسەتدا ڕۆڵی خۆی ببنیت، کاتێک پەروەردە و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن بەو شێوەیە کە سیاسەت پیاوانەیە و تواناکانی ئافرەت بۆ سیاسەت و کاروباری گشتی گونجاو نییە، کاتێک بەشێکی ئەو نابەرابەرییە بۆ خودی ئافرەت دەگەڕێتەوە کە ئەو کایە گرنگەی بۆ پیاو بەجێ هێشتووە، ئەمەش نەوەکوو لەبەر ئەوەی حەزی لە بەشداری سیاسی نییە، بەڵکوو پەروەردەی جێندەری لە خێزاندا بەو شێوەیە ئافرەتی بار هێناوە و بەو جۆرە پەروەردەی کردووە کە گەورەترین ئەرکی ئافرەت ئەوەیە کە هاوسەری باش بێت و منداڵی باش و زیرەک پەروەردە بکات، ئەوا دەبێت لەو سێ ڕەهەندەوە بە دوای چارەسەرییەوە بین، کارکردن بۆ گۆڕینی ئەو تێگەیشتنەی متمانەی بە توانای ئافرەت نییە و سیاسەت بە ئیشی ئافرەت نازانێت، پەروەردە لەسەر بنەمای یەکسانی مرۆڤایەتی، ڕەخساندنی دەرفەت، هاندان و پێگەیاندنی ئافرەت بۆ

بەشداری لە کاروباری سیاسی. با لە خودی خۆمان واتە ئێمەی ئافرەت بوەستین و دەبێت بزانین، کە ئەگەر بەشداری سیاسەت نەکەین ئەوا بەشداریش نابین لە بڕیارە ستراتیژییەکان و دیاریکردنی چارەنووسی وڵات و نەتەوە، بەشداریش نابین لە ڕەوتی ڕووداوەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن و پرۆسەکانی دانوستان و ئاشتەوایی، ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانمان ناکرێت و کارڕاییەکان هەلومەرجی ئێمەی ئافرەت لەبەرچاو ناگرن، هەموو ئەوانە دەدەینە دەست پیاو، ئەو کاتە مافی گلەیی و بەرهەڵستیشمان نابێت.

بەو شێوەیە واتە بە گۆڕانکاری لە فاکتەرە بونیادییەکان و پەیوەندی و ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، بەخۆ پێگەیاندن و خۆ ئامادەکردن بە خۆ بە خاوەن زانینی کایەی سیاسی و حیزبایەتی، ئێمە دەچینە نێو سیاسەت و بەشداری سیاسی خۆمان فراوان و کاریگەر دەکەین.



پرسی ژن

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

؟

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

## یاسای خێزان، ئەو یاسایەی ئیرادە بۆ ئینسان بوونی ژن دەگێڕێتەوە... دەبێ پشتیوانی بکرێت!

چواری شوباتی مانگی ڕابردوو ئەنجومەنی یاسادانانی کانتۆنی جزیرەی خۆبەڕێوەبەری لە سوریا، یاسای خێزانی پەسەند کرد... ئەم یاسایە لە ٤١ مادەو برگەدا داڕێژراوە، یاساکە هیشتا دەکرێت باشتر بکرێت و هەنگاوی تری بەدوادا بێت و دەوڵەمەند تر بکرێت. هەروەکو خۆیان ڕایان گەیاندووە .... بەڵام ئەوەی جێگای پێشوازی گەرمی هەموو ژن و پیاوێکی ئازادیخواز و هەموو دەنگێکی ڕەسای بەرابەریخوازیی و هەموو ڕێکخراو و گروپێکی ژنانی پێشکەوتنخوازە... ئەوەیە کە هەوڵی جدی دراوە کە گەلاڵەی یاساکە یەکسانی ڕەگەزی نیوان ژن و پیاو لەبەرچاوبگرێت و ئەو تابۆیە تێپەڕێنی و تێک بشکێنی کە لەئاستی ناوچەکەدا بۆتە مایەی شەرم و سوکایەتی ئاشکرا بەژن و مافەکانی، تەنانەت دەتوانین بلێین ئەم یاسایە لەهەموو ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا لە پەیوەند بە پرسی ژن و بەرابەرییەوە، پێشکەوتنخوازترین یاسایە لە پەیوەند بەخیزان و مافەکانی ژن و پیاوەوە...

لەم یاسایەدا، فرەژنی، ژن بەژن، هاوسەرگیری خوار تەمەن ١٨ ساڵ، بەزۆر بەشودان و هاوسەرگیری بەزۆر، چەندین دیاردەو حاڵەتی تر نەک هەروەکو تاوان ئەژمارکراوە، بەڵکو شایەتحاڵ و هاوبەشەکانیشیان خراونەتە بەردەم سزای یاساییەوە... لەهەموو ئەوانە زیاتر دەرگای بەرووی گفتوگۆ و دیمکراتیزەکردنی زیاتر و هەمورکردنەوەیدا بە کراوەیی هیشتۆتەوە، کە ئەوە بوار دەدات، تا هەرچی زیاتر ئەم یاسایە یەکسانی هەمەلایەنە لەنیوان ژن و پیاو و مافەکانیاندا زامن بکات و کەم و کوڕی و لایەنە لاوازەکانی پر بکاتەوە...

دەستبردن بۆ پەسەندکردنی یاسایەکی خێزانی بەو ناوەڕۆکە یەکسانیخوازییەوە، ئاڵوگۆڕێکی یەکجار گەورە بەسودی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانە، نەهەر لە کوردستانی سوریا و سوریا بەگشتی، بەڵکو کاریگەری جدی لەسەر بزوتنەوەی ژنان لەسەر تەواوی ناچەکە دەبێت و دەسەڵاتە پیاوسالارو کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە دەخاتە بەردەم توخم و تەوژمە پێشکەوتنخوازەکان، ئیسلامیەکان و ڕەوتە سیاسیەکانیان و مەلاو خێڵی دژە ژن تەکان دەدات.. ئەم یاسایە تارادەیەکی زۆر ماف و ئیرادە بۆ ژنان دەگێرێتەوە ئاستی بروا بەخۆبوونیان دەباتە سەرەوە... لەوانەش زیاتر ئەو درۆیەی پوچەڵ کردەوە کە کۆمەڵگە دواکەتووە و قبوڵی یەکسانی ژن وپیاو ناکات و دەبێت هەنگاو بەهەنگاو خەباتی بۆ بکرێت... پەسەندکردنی ئەم یاسایەو نانی هەنگاوێکی ئاوا ئازایانە و یەکسانیخوازانە، و بەکردەوە پیادەکردن و ئامادەیی هەمەلایەنە لەبەرامبەر کاردانەوەی بەرەو بلۆکی ناسیونالیستی و ئیسلامی و کۆنەپەرستانی دژە ژن، دەتوانێت ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ گێرانەوەی ئیرادەی ئینسانی ژن فەراهەم بکات و سەرجەم بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکان لە ناوچەکەو دنیادا بۆ پشتیوانی لە خۆی رابکێشێت.. هەنگاوێکی ئاوا و لەهەلومەرجێکدا کە ژنان لە ئیران ئاڵای راپەرین و شۆرشیان بەرزکردۆتەوە، دەتوانێت کاریگەرییەکانی چەند بەرابەر بێت و هاوکاربێت بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرش و کاردانەوەیەکی چاوەروانکراو کە بەرەی کۆنەپەرست دەستی بۆ ببەن... ئێمە لە بۆپێشەوە هەموو پشتیوانیەک لەم هەنگاوە دەکەین و بەرز دەینرخێنین...

**بۆپێشەوە**

**١ی مارسی ٢٠٢٣**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا



# عیشق لە تابلۆی رووتبونەوەت کریستینادا...عومەر عوسمان

**نووسینی" جەمال نوری**



ئەم ڤیگەرە، کاری هونەریی کریستینا مەنزۆنییە، گەر وورد بینەوە لەم تابلۆ هونەرییە، دەبینین هونەرمەند ڕەنگی ئاوی بەکارهێناوە بۆ وێناکردنی تابلۆکەی، سەبارەت بە ئاستی هونەریی و ئێستاتیکای جوانی و دەرخستنی کۆ دەمارەکانی هەریەک لە کورو کچی ناو تابلۆکە کە شێوەی وەستان و جوڵاندیان چیرۆکی لەئامێزگرتن و سۆزو ئەوین لەپشتی ئەو تابلۆیەوە دەبینرێ، هەڵبەتە هەموو ئەوانە لەڕێگای چاوەوە دەبینرێ، و هەست بەبوونی پۆترێتەکە دەکەین، واتە چاو وەک ئەندامێکی ئۆرگانی لە فەسڵەجەی جەستەی مرۆڤدا بەشێکی گرنگی لەمێژووی پۆترێت داگیرکردوە. چاو بەدرێژایی مێژووی پۆرتریەت، گرنگترین بەشی داگیرکردووە. چاو دیکومنتەیشنی کەسایەتی و مۆرکی ڕاستەوخۆی جیهانبینی کەبڕوای وایە وێنەکێش شیعرێکە چاو نوسیویەتی، داستانێکە نیگارکێش، بەڕەنگ و تۆنی ڕوناکی و هێڵەکان و خاڵەکان فیگۆرەکانی دەینەخشێنێت.

چاوم دیوە پڕ ئاگر بووە، لێوان لێو لە جامی میهر بووە، پڕ نزاو پارانەوە بووە. چاوم دیوە گەشتنامەی ژیان بووە.. چاوم دیوە رۆحێکی ناسک و سەدان مۆمی تیا داگیرساوە. هەر یەک چاو بووە، تەنها یەک چاو، بەڵام سەربردەیی شکانی تیشکی ئومید و چارەنوسی بەدبەختی و کلۆلی ئاوارەیی و دەربەدەریشی بەرجەستەکردۆتەوە. نیگار زمانێکی جیهانی کاریگەرتر لە مۆسیقا بووە، کێشە گەورەکانی ئینسانیەت، نەمری، بەختەوەری، ئازادی و یەکسانی، لە چاوی پۆرتریتەکاندا دەخوێنینەوە.

ئەو دەمانەی ئینسانەکان زۆر نزیکتر لە سروشتێکی پەتی و لەگیانەوەران ژیاون، وێنەی ئەوانیان بە دیقەتەوە کێشاوە، ئەو دەمانەی ئینسانەکان خۆیان وەک تێکەڵەیەک لەبوونی خودایی و ئینسانی و تامەزرویی نەمری بوون، نیگاری هاوبەشی خۆیان کێشاوە، تابلۆی توانەوە، کە لەوێنە گشتیەکەیدا لەئامێزگرتنی دوو کەسی عاشق و مەعشوقە بەڕووتی، ڕووت بوونەوەی ئیشق و لەئامێزگرتنی هەموو هەستە باڵاکانی دوو کەسی شەیدای یەک، بەدوو هێڵی تەریب بەیەک و پاشان بەپێی ئاستی بەرز بوونی هۆرمۆنی حەزو ئارەزووە ئیرۆتیکیەکانیان هێدی هێدی لەیەک نزیک دەبنەوە و دواجار دەبنە یەک یەک هێڵی ئاسۆیی، ئەمەش ئاسۆی چرۆکردنی هیواکانیانی تیا دەخوێنرێتەوە لەژیاندا.

گەر بەدیقەتەوە تەماشای ئەم تابلۆیە بکەین، هەست بە جوڵاندنی هەستە ئیرۆتیکیەکانی کورو کچەکە دەکرێ، کە بە حەشمەتەوە توند یەکدیان لەئامێزی یەککردوە، بەرەو لووتکەو ترۆپکی ئۆرجازم دەڕۆن، لەڕاموسینی یەکدیدا هەست بە هەڵمژینی شیلەی ڕۆحی یەکدیان دەکرێ.

کریستینا وەک هونەرمەندێکی فەرەنسی دەیەوێ چیرۆک ئیشقێک بگێرێتەوە بۆمان، جودا لەچیرۆکەکانی لەمەڕ کۆمەڵگەی کوردی کەتیایدا ئاشق و مەئشوق دەبنە قوربانی چیرۆکی ئیشقەکەیان، واتە کۆتاییەکی تراژیدی بەجێ دەهێڵێ، بەڵام لەم چیرۆکەی کریستینادا فێرمان دەکات چۆن ئیشق بکەینە وانەیەکی ژیانی بۆ هەموو سەردەمەکان و تەمەنە جیاوازەکانی مرۆڤ.

# خۆشەویستی و هەندێک لە شیعرەکانی کارل مارکس

**ئامادەکردنی: جەمال نوری**

به خۆشی ڕۆحم دەڕێژم و

بەفیرۆی دەدەم

لە ئاهی چەپکە گوڵێکدا.

قووڵ و هاوسەنگ..

ئەگەر بەتایبەتی موزیسیانەکە بمرێت،

داخۆ من بەو ئامانجە،

شەرەفمەندە دەگەم

،تۆبڵێی دادپەروەرترین پاداشت

وەرگرم:..

بۆ هێورکردنەوەی خۆشی و ئازار لە تۆدا؟

ئەم بەیتە شیعرییانە هیچ ناوبانگێکیان بەدەست نەهێنا و زۆربەی خەڵک نایانناسن هەرچەندە نووسەرەکەیان یەکێکە لە فەیلەسوف و بیرمەندە بەناوبانگەکانی جیهان، کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣)، کە تیۆری و لیکۆڵینەوە و کتێبی لە بواری ئابووریدا پێشکەش کردووە، فەلسەفە و سیاسەت و مێژوو و کۆمەڵناسی. دیارە هەوڵی شیعری و کۆمەڵە شیعرێکی هەبوو، کە تەنیا چەند شیعرێکی کەمیان چاپ بوو. سەبارەت بە چیرۆکی مارکس لەگەڵ شیعر، لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بە نووسینی شیعری قافیەیی لیریکی بە زمانی ئەڵمانی دەستی پێکردووە.

کە بیرمەندەکە سێ دەفتەر شیعری بەجێهێشتووە بەناونیشانی: "کتێبی عەشق" (بە دوو بەش) و "کتێبی گۆرانی" کە گەورەترینە و( ٥٣ ) شیعری تێدایە. لەسەر بەرگی هەریەکەیان مارکس نووسیویەتی: "بۆ ئازیزترین جێنی ڤۆن وێستفالین، خۆشەویستترینم". جێنی ئەو ژنەیە کە دواتر دەبێتە هاوسەری مارکس.

کچی مارکس،( لۆرا لافارگ)، ڕوونی دەکاتەوە "کاتێک باوکی گوێی لێدەبوو گاڵتە بە شیعرەکانی دەکرد، پێدەکەنی، کتێبێکی بچووکی شیعری مارکس بە ناوی "شیعرەکانی خۆشەویستی کارل مارکس" لە ساڵی ١٩٧٧ بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە:

"وە ئەگەر سۆزەکەی باز بدات، زیندوو، بوێر،

لە درەوشاوەیی شیرینی ڕۆحدا،

بوێرانە جیهانەکەت دەچەمێنێتەوە و دەتروخێنێت و دەتکێشێتە خوارەوە،

و لە سەمای هەوای ڕۆژئاوا بەرزتر دەفرێت و نوێیەک پێدەگات."جیهان بەسەرتدا گەشە دەکات!"

مارکس بەم شێوەیە، لە یاخیبووندا، لە یەکێک لە شیعرەکانیدا لە "کتێبی گۆرانی"دا، بە "جێنی" قسەی کردووە.

خۆشەویستی لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە:-

"پەیوەندی ڕاستەوخۆ و سروشتی پێویست بۆ پیاو، پەیوەندی پیاوە لەگەڵ ژن... لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پەیوەندییەدا، مرۆڤ دەتوانێت حوکمێک لەسەر ڕادەی گەشەکردنی کۆی پیاو بدات. لەوە دەردەچێت کە تایبەتمەندی ئەم پەیوەندییە". ئەوەیە کە دیاری دەکات کە مرۆڤ تا چەند وەک پیاوێک لە خۆی نزیک بووەتەوە، و تا چەند کەسێک لێی تێگەیشتووە، چونکە پەیوەندی نێوان پیاو و ژن سروشتیترین پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی دیکەدا، هەر بۆیەش ئەوە نیشان دەدات تا چەند ڕەفتاری سروشتی مرۆڤ دەبێتە مرۆڤ، یان تا چەند جەوهەری مرۆڤ لە مرۆڤدا دەبێتە جەوهەرێکی سروشتی.. و لەم پەیوەندییەشدا ئاشکرا دەبێت.. تا چەند پێویستی مرۆڤ دەبێتە پێویستی مرۆڤ، تا چ ڕادەیەک ئایا مرۆڤێکی تر وەک مرۆڤ دەبێتە پێویستییەک و تا چەند مرۆڤ، لە بوونی تاکەکەسی خۆیدا، لە هەمان کاتدا بوونێکی کۆمەڵایەتییە؟



تێڕوانینی مارکسیزم بۆ پەیوەندی خۆشەویستی جیاواز نییە لەگەڵ تێڕوانینی مارکسیزم بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. ڕادەی مرۆڤایەتیی پەیوەندییەکە بەو ڕادەیە دیاری دەکرێت کە ئەو پەیوەندییە تا چەند سیما کاڵاییەکەی لێسەندراوەتەوە و تا چەند دوو لایەن یان لایەنی پەیوەندییەکە توانای ئەوەیان هەیە وەک مرۆڤێکی سادە سەیری یەکتر بکەن کە وا نین نوقم بوون لە بەهای ئاڵوگۆڕی ئابووریدا کە بە ئاشکرا یان بە نهێنی هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات، تەنانەت پەیوەندی خۆشەویستیش. کەواتە خۆشەویستی لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها پێکهاتەیەکی ڕووکەشی دەروونییە، وەک سیاسەت و ئایین و ئەخلاق و زانست و هونەر. ڕەنگدانەوەی دیالێکتیکی کارلێکە دینامیکییەکانی ژێرخانی هەر پرۆسەیەکی ئابوورییە.

بەم شێوەیە ناتوانین سەیری ناوەڕۆکی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بکەین تەنها وەک پلەیەک لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی نەبێت، و بەرهەمێکی بزووتنەوەی فیزیۆلۆژی و کۆمەڵناسی مرۆڤ نەبێت و نەک نموونەیەکی پێشوەختە کە بۆ ئەوەی بتوانین پێی بگەین گەیشتن بە دەرکەوتە سۆفیگەرییەکان یان پۆستولاتی فەلسەفی ئایدیاڵ سەبارەت بە جیهانێکی سەرەوەی بەرز. ناوەڕۆکی ئەم خۆشەویستییە بە خەباتی ژنان لە پێناو یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەگەڵ پیاواندا دەمێنێتەوە. خۆشەویستی ڕاستەقینە لە نێوان بەرز و نزمدا نییە.

مارکس بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٤٢دا بیروڕای خۆی لەسەر ژن و هاوسەرگیری لە گۆڤاری ڕینیان جۆرناڵدا خستەڕوو، هەڵوێستی خۆی لە دوو وتارەکەیدا کە لەم ڕۆژنامەیەدا لەسەر پرسی هاوسەرگیری و تەڵاق بڵاوکرایەوە، "پشتیوانیکردن لە یەکگرتوویی یەکەم و ئازادیی" پێناسە کرد دووەم." دوای دوو ساڵ مارکس جەختی لەوە کردەوە کە هەڵوێستی پیاو بەرامبەر بە ژن "پلەی گۆڕینی ڕەفتاری سروشتی مرۆڤ بۆ ڕەفتاری مرۆڤ" دیاری دەکات. هەروەها (مارکس) بە توندی هێرشی کردە سەر هاوسەرگیری بۆرژوازی وەک جۆرێک لە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جەختی لەوە کردەوە کە "هاوسەرگیری چەمکێک نییە، وەک هیگڵ بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە".

مارکس ویستی کتێبێک لەسەر مێژووی بنەماڵەی مرۆڤ بنووسێت، بەڵام مردن ڕێگای نەدا، بۆیە هاوڕێی ژیانی فرێدریک ئەنگڵس ( ١٨٢٠-١٨٩٥ز) جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی گرتە ئەستۆ، و ئەو کتێبە گرنگەکەی نووسی " بنەچەی بنەماڵە و موڵکی تایبەت و دەوڵەت" ساڵی ١٨٨٤ی زایینی، کە تیایدا پەیوەندی کۆیلایەتی ژنانی بە سەرهەڵدانی موڵک و ماڵی تایبەت ڕوون کردەوە. ئەم کتێبە یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکان لەسەر تیۆری مارکسیستی کۆمەڵگا. لەو کتێبەدا ئەنگڵس پشتی بەو زانیاریانە بەستووە کە لە کتێبی "کۆمەڵگەی کۆن"ی مۆرگاندا هاتووە و هەروەها پشتی بە داتای زانستی دیکە بەستووە. وە لە نێوان گۆڕانکارییەکانی فۆرمەکانی هاوسەرگیری و خێزان بە درێژایی مێژوو لە پەیوەندییان بە پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵگاوە. شیکاری بۆ پرۆسەی تێکچوون و شیبوونەوەی سیستەمی خێڵەکی (کۆمۆنالیزمی سەرەتایی) و گەشەکردنی سیستەمی چینایەتی لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار و خاوەندارێتی تایبەت و چۆنیەتی سەرهەڵدانی دژایەتی چینایەتی بووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەت وەک ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی سەوت ئەلشەعب، مەغریب**

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی دوانزەهەم

## ریفۆرم و شۆڕش

## خەبات لە دژی گەندەڵی ماڵی و ئیداری




**خەبات لە دژی گەندەڵی ماڵی و ئیداری**

گەندەڵی ماڵی و ئیداری بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی بورژوازی هاوچەرخ و دەزگا بیرۆکراتیەکەی و لەسەرجەم وڵاتانی سەرمایەداریدا و لە ئاست و شێوازی جیاجیادا دیاردەیەکی بەربڵاوە.

گەندەڵی ماڵی و ئیداری لە کوردستاندا لە سایەی دەسەڵاتی ناسیونالیستی ئێستادا بەوپەڕی خۆی گەیشتوە.

دەسەڵاتی ئێستا کە لە ڕێگای سیستەمێکی گەندەڵی بەڕێوەبردنەوە دەستی بەسەر هەموو سامانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی سامانی نەوت و گازدا گرتوە، داهاتێکی بێشومار بە تاڵان دەبات. ئەم داهاتە گەورەیە بە شێوەیەکی نا یاسایی و دور لە چاوی هاوڵاتیان لە نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکاندا دابەش دەکرێت.

ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە خۆی هەستاوە بە دروستکردنی دامەزراوەی جۆراوجۆر بەناوی نەزاهەوە بۆ داپۆشینی دیاردەی گەندەڵی.

قورسایی کارەساتی گەندەڵی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئەوان بە نوقم بون لە هەژاری و بێدەرەتانی و داڕوخانی هەلومەرجی کارو ژیان و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستیەکانیان باجی ئەم گەندەڵیەی دەسەڵاتی بۆرژوازی دەدەنەوە.

ریشەکێشکردنی ئەم دیاردەیە بەندە بە کۆتاییهێنان بە نیزامی سەرمایەداری یەوە، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی باری گرانی ئەم دیاردە کارەساتبارەی سەرشانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە ئێستادا دەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵبگیرێت:

دەستبەسەرداگرتنی هەموو ئەو سامانەی کە لە ڕێگای گەندەڵی ماڵی و ئیداریەوە بەدەست هاتوە و گێرانەوەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت و خەرجکردنی بۆ خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی هەمووان.

دادگاییکردنی هەموو ئەو دەزگا و دامەزراوە و لایەن و کەسانەی کە لە گەندەڵی ماڵی و ئیداریەوە تێوەگلاون.

گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ داخستنی هەموو ڕێگاکانی گەندەڵی ماڵی و ئیداری لە ڕێگای دابینکردنی شەفافیەت و دانانی چاودێری جەماوەری بەسەر سەرجەم دەزگا و دامەزراوە بەرهەمهێن و خزمەتگوزاریە دەوڵەتیەکاندا.

### بەرقەرارکردنی دادگای سەربەخۆ و دابینکردنی عەدالەتی یاسایی بۆ هەمووان

سیستەمی دادوەری و چەمکی عەدالەتی یاسایی لە هەر نیزامێکدا ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بنچینە ئابوری و سیاسیەکانی ئەو نیزامەیە. بواری دادوەری، هەر لە پێکهاتەی یاساکان و دیدی زاڵ لەبارەی ماف و ویژدان و عەدالەتەوە تا دەگات بە دامەزراوەکان و سیستەمی ئیداری و شێوازی دەسەڵاتی دادوەری، هەموویان بەشێکن لە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا کە پارێزگاری لەو بنەما ئابووری و چینایەتیانە دەکەن کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەم پێیە عەدالەتی یاسایی ڕاستەقینە و بەهرەمەندبوونی یەکسانی هەمووان لێی، هەروەها دادگایی و داوەری بەراستی سەربەخۆ و بەویژدان، بەستراوەتەوە بە گۆڕینی ڕیشەیی کۆمەڵگای چینایەتی ئێستاوە.

لەم پێناوەدا و بەمەبەستی زامنکردنی عادلانەترین ستانداردی دادوەری شیاو لە کۆمەڵگای ئێستادا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری وەدیهاتنی دەستبەجێی ئەم بنەما سەرەکیانەی خوارەوەیە:

سەربەخۆیی تەواوی دادوەرەکان ، دادگاکان و سیستەمی دادوەری لەڕووی حقوقیەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکار.

دادوەران و کاربەدەستانی دیکەی دادوەری لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکاتێکیش زۆربەی دەنگدەران بیانەوێ، دەبێ بتوانن لایان ببەن.

هەڵوەشاندنەوەی دادگا تایبەتیەکان و لێپێچینەوە لە هەموو تاوانەکان لە دادگای ئاساییدا.

ئاشکرابوونی هەموو دادگاییەکان. بەرپاکردنی دادگا بە ئامادەیی دەستەی سوێندخۆران( هیئة المحلفین) لە هەموو تاوانە جینایی گشتیەکاندا. مافی تۆمەتبار و پارێزەرەکانی لە ڕەتکردنەوە یان قبوڵکردنی دادوەر و ئەندامانی دەستەی سوێندخۆران.

لە هەموو دادگایی کردنەکاندا ئەسڵ لەسەر بێتاوانیی تۆمەتبارە. ئەرکی سەلماندنی تاوان لە ئەستۆی داواکاری گشتی و یان لایەنی داواکارە.

ستانداردە دادوەریەکانی وڵات و مافی تاکەکان لە بەرامبەر دەزگای دادوەریدا لە شوێنێکی تری ئەم بەرنامەیەدا بەووردی باس کراوە.

### ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان

قسەکەرانی سەرمایەداری ڕێزدانان بۆ مافە فەردی و مەدەنیەکان بە خەسڵەتی جیاکەرەوە و بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی نیزامەکەی خۆیان لە قەڵەم دەدەن. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە نێو ئەو پێنج ملیار ئینسانەی کە ئەمڕۆ لەژێر سایەی حوکمڕانیی سەرمایەدا دەژین، تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم دەکری پەیدا بکرێت، ئەویش لە ژمارەیەک وڵاتی دیاریکراودا، کە لە جۆرێک مافی فەردی و مەدەنی پێناسەکراو و تارادەیەک جێکەوتوو بەهرەمەندن. بەشی زۆربەی هەرەزۆری خەڵک لە دنیای سەرمایەداریدا، بریتیە لە بێمافیی سیاسی کەم تا زۆر ڕەها، دەوڵەتانێکی ملهوڕ و سەرکوتگەر و تیرۆریزم و زەبروزەنگی نەخشەمەندانەی دەوڵەتی. جگە لەمەش، لە خودی وڵاتانی پیشەسازیی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکاشدا مافە فەردی و مەدەنیەکانی جەماوەر نەک هەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازادیانەی کە ئینسانی ئەمڕۆ خوازیاریێتی زۆر کەمە و بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێ، بەڵکو لە جەرگەی یەخسیریی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار بەدەست سەرمایەوە و گرێخواردنی ماف و ئازادی بە خاوەندارێتیەوە، ئەم مافانە هیچ مانایەکی مادی و جدییان بۆ نەماوەتەوە. سەرەنجامیش، ئەزموونی ژیانی خەڵک لەم وڵاتانە لە سەردەمەکانی قەیران و تەنگانە ئابووریەکاندا بە ڕۆشنی نیشانی داوە کە مانەوە و تەمەنی هەر ئەم ماف کەموکورت و فۆرماڵیانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جێگوشێنی ئابووریی چینی سەرمایەدارەوە هەیە و هەرکاتێک ئەم مافانە بوویێتنە کۆسپ لە بەردەم قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدا، بە سادەیی کەوتوونەتە بەر پەلاماری دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار.

ئازادیی فەردی و مەدەنی ڕاستەقینە تەنها لە کۆمەڵگایەکدا دەتوانێ بەدیبێت کە خۆی ئازاد بێت. شۆڕشی کۆمۆنیستی کرێکاری، بە لەنێوبردنی کۆیلایەتی چینایەتی و ئابووریی ئینسانەکان، مژدەدەری فراوانترین ئازادیەکان و دەرفەتی دەرکەوتنی تاکەکانە لە مەیدانە جیاجیاکانی ژیاندا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەمان کاتدا بۆ بەدیهێنان و دابینکردنی بەرینترین مافە فەردی و مەدەنیەکان هەر لەم کۆمەڵگایەدا خەبات دەکات. گرنگترینی ئەم ماف و ئازادیە حاشاهەڵنەگرانە کە بەهیچ جۆرێک نابێت پێشێل بکرێن بریتیە لەمانە:

مافی ژیان و پارێزراوبوونی جەستەیی و دەروونیی تاکەکان لە هەرجۆرە دەستدرێژیەک.

مافی گوزەران؛ مافی بەهرەمەندبوون لە پێداویستیەکانی ژیانێکی نۆرماڵ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا.

مافی دەست ئاوەڵابوون و ڕابواردن و ئاسوودەبوون.

مافی فێربوون؛ مافی بەهرەمەندبوون لە هەموو ئەو ئیمکاناتی فێربوونەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە.

مافی سەلامەتی؛ مافی بەهرەمەندبوون لە هەموو ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بۆ پاراستنی تاکەکان لە ڕووداو و نەخۆشیەکان، مافی بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتە تەندروستی و پزیشکیەکانی کۆمەڵگا.

مافی سەربەخۆیی فەردی؛ قەدەغەکردنی هەرجۆرە یەخسیری و کۆیلایەتی و بێگاریەک لە هەر بەرگێکدا و بەهەر بیانوویەکەوە بێت.

مافی تێکەڵبوون و ژیانی کۆمەڵایەتی؛ قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکاری و بێبەشکردنێکی تاکەکان لە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و دەرفەتی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

مافی گەڕان بەشوێن حەقیقەت و ئاگاداربوون لە حەقیقەتی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی؛ قەدەغەکردنی سانسۆر، قەدەغەکردنی کۆنترۆڵی ئەو زانیاریانەی کە دەگاتە دەستی هاوڵاتیان لەلایەن دەوڵەت یان بەڕێوەبەری میدیاکانەوە.

مافی بەهرەمەندبوون لە ژینگەیەکی پاک و ئاسوودە؛ ئازادیی دانیشتووانی وڵات و نوێنەرانی ئەوان لە چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە لە کاریگەری چالاکیەکانی دەوڵەت و دامەزراوە جیاجیاکان لەسەر ژینگە.

ئازادیی بێقەیدوشەرتی بیروباوەڕ، دەربڕین، کۆبوونەوە، چاپەمەنی، خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەکان.

ئازادی تەواو و بێقەیدوشەرتی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن،

ئازادی

بۆ لاپەڕە 12



# ڕێبوار عارف: ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێت بۆ بەدەستهێنانی فلاّن ماف و فلاّن داواکاری سنفی دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ ڕوخان و لەگۆڕنانی تەواوی دەسەڵاتداریەتی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێرانە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار عارف ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە هەستان و راپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین، ئەوەی لە ئێران روودەدات چییە؟ شۆرشە، ڕاپەرێنە، هەڵچوونە؟... تۆ چ ناوێک لەم بزوتنەوەیە دەنێیت کە چەند مانگە درێژەی هەیە؟**

**ڕێبوار عارف:** ڕەنگە باشتر وابیت بەرلەوەی کەبلێن ئەمە شۆڕشە یا نا، لەخۆمان بپرسین کە ئایا شۆڕش خۆی چییە؟! ئەگەر قبوڵمان بێت کە شۆڕش یانی ئاڵوگۆڕی ڕیشەی لە جێگەوڕێگەی چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمیدە، ئەگەر قبوڵمان بێت کە شۆڕش یانی گۆڕینی هاوکێشەکە لە بەرژەوەندی ئەو خەڵکەی کە چەوسانەوەو ستەم و نابەرابەری تەنگی بە ژیانی هەڵچنیوە و داماڵدراوە لەهەر بەهایەکی ئینسانی و هەر ماف و ئازادییەک! ئەوسا دێینە سەر ئەو بنەمایەی کە شۆڕشی لەسەر بنیاد دەنرێت کەبوونی زروفی زاتی و مەوزوعیە، کە ساڵەهای ساڵە زروفی زاتیەکە دەبینینەوەو لە بارودۆخی ئەمڕی ئێراندا بەڕۆشنی سەرەتای زروفە مەوزوعیەکەشی بەدی دەکەین و ئامادەی هاتنە مەیدانی چینی کرێکارو خەڵکی لە شەقامدا بە ڕۆشنی بەدی دەکەین، بۆیە ئەوەی ئێستە لە ئێراندا دەیبینینەوە سەرەتای شۆڕشێکە لە شێوازی خرۆشاندا کە دیارە شۆڕش و ئامانج و ئەنجامەکانشی لە پرۆسەیەکدا مانا پەیدا دەکات و کاری یەک شەوە نییە، بۆیە ئەمرۆ ئێمە لە ئێراندا لە ئاستانەی شۆڕشێکداین کە نەواتی ئاڵوگۆڕێکی گەورەیە، نەک تەنیا لە ئێراندا، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

> **ئەوەی ئێستە لە ئێراندا دەیبینینەوە سەرەتای شۆڕشێکە لە شێوازی خرۆشاندا کە دیارە شۆڕش و ئامانج و ئەنجامەکانشی لە پرۆسەیەکدا مانا پەیدا دەکات و کاری یەک شەوە نییە، بۆیە ئەمرۆ ئێمە لە ئێراندا لە ئاستانەی شۆڕشێکداین کە نەواتی ئاڵوگۆڕێکی گەورەیە، نەك تەنیا لە ئێراندا، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا...**

**بۆپێشەوە: کۆمەڵگەی ئیران کۆمەڵگەیەکی موزائیکییە، کێشەی نەتەوەیی واقعیەتیکی ناو ئەو کۆمەڵگەیەیە، پرسی نەتەوەیی چ جێگایەکی لە بزوتنەوەی شورشگێرانەی ئیستای ئیراندا هەیە...؟**

**ڕێبوار عارف:** ئێران کۆمەڵگەیەکی هەشتا ملیۆنیە کە نەتەوەی جیاوازو کێشەی نەتەی جیاوازی گرتووەتەخۆ، بەڵام هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانە لەم کۆمەڵگەیەدا لەگرەوی بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسیی خۆیاندایە، بە جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتیشەوە. بۆیە دروستکردنی هەرلەمپەرو ئەمماو ئەگەرێک، بەهەر بەهانەو پاساوێکەوە بێت، وەک دەستبەردان لە ئیسپرینەکە دەمانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆمان، کێشەیەکی واقعی بەهەڵواسراوی دەهێڵتەوە کەئەمەش دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی کێشەی قەومی نائەمن کردنی کۆمەڵگەو دەرچون لەڕەیلی شۆڕش و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادو بەرابەر. هەموو ئەمانە لە کاتێدایە کە لەمێژووی خۆیدا ئەمرۆ ئێران لەدۆخێکدار یەکجار کەمتر لەڕابردودا بەو ئەندازەی کە ئەمڕۆ دەیبینین هاوپشتی هاودڵی وهاوخەباتی لەسەر شانۆی سیاسی ئێران لەجەرگەی ئەم خەبات و تێکۆشانەدا مانای هەبووبیت، بۆیە دەببێت ئەم کێشەیە یەکجار بۆ هەمشە لەگۆڕبنرێت، ئەویش لە ڕێگەی بەڕەسمیت ناسینی ئەو مافەو یەکسان بوونی مافی هاوڵاتیانەوە لەبەرامبەر بەیاسادا.

> **ئێران کۆمەڵگەیەکی هەشتا ملیۆنیە کە نەتەوەی جیاوازو کێشەی نەتەی جیاوازی گرتووەتەخۆ، بەڵام هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانە لەم کۆمەڵگەیەدا لەگرەوی بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسیی خۆیاندایە، بە جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتیشەوە. بۆیە دروستکردنی هەرلەمپەرو ئەمماو ئەگەرێك، بەهەر بەهانەو پاساوێکەوە بێت، وەك دەستبەردان لە ئیسپرینەکە دەمانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆمان، کێشەیەکی واقعی بەهەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ...**

**بۆپێشەوە: لەگەڵ ئەوەدا پایەی بنەرەتی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئیران، چینایەتییە و بەڵام رۆڵی چەپ و کۆمۆنیزم وەکو پێویست نییە، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕیتەوە و چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئیراندا و لەهەلومەرجی ئیستادا چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟**

**ڕێبوار عارف:** بەر لەهەرشتێک ئەوە بڵێم کە چینی کرێکار لە ئێراندا مێژوویەکی درەخشان و شۆڕشگێرانەی هەبووە کە هەمیشە ڕەگەی کۆمۆنیزم یا مەیلی کۆمۆنیستی تێدا بەهێزبووەو ئاوێزانی یەک بوون، کە ئەم ئاوێزان بوون و بەهێزبوونە بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە خۆی نیشان دەدات، بەڵام تا شۆڕشی ١٩٧٩ ئەم دوانەیە بە ئاڕاستەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا هەنگاوی نەناوە. بەهەمان شێوە ئەم کۆمۆیزمە بەم نەفەسەوە هەرگیز دەرفەتی کاری ئاشکراو ئازادانەی نەبووە تا بتوانێت نمایشی تواناو قودرەتی سیاسی خۆی بکات و هێزو پۆتێنسیلک کە هەیەتی بەگەڕی بخات. هەرئەمەش هەڵبژاردنی ئەو شێوازی کارو دەخالەتگەریەی کە تۆ وەک بزووتنەوەیەک لەپانتایی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەرکەویت و سەرکەویت. کەدیارە هەموو ئەم ڕێگریانە ناتوانێت بێتە پاساوی شاردنەوەی لاوازییەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە شێوازو میکانیزمی ڕابەریکردنی ئەم بززوتنەوەیە لە ئاست کۆمەڵگەی ئێراندا.

**بۆپێشەوە: سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئیران، لەوانە ژنان، لاوان و خوێندکاران، کرێکاران... بەشدارن لەم خۆپیشاندان و بزوتنەوە جەماوەریەدا، بەڵام رۆڵی چینی کریکار و بەشدارییەکەی بەرجەستە نییە، هێشتا وەکو پێویست ئامادەیەکی نابینرێت، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ڕێبوار عارف:** هەر ڕادەیەک لە بەدەستهێنانی ماف و داواکاریەکانی چینی کرێکار بەستراوەتەوە بە ڕێکخراو بوون و بە باشترکردنی ژیان و گوزەران و معیشەتیانەوە. ئەمە لە کاتێکدایە ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێت بۆ بەدەستهێنانی فلاّن ماف و فلاّن داواکاری سنفی دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ ڕوخان و لەگۆڕنانی تەواوی دەسەڵاتداریەتی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێرانە. بۆیە لە کاتێکدا کە هەژاری، بێکاری و گرانی چینی کرێکار لە لوتکەدایە. بۆیە دەبێت تێگەشتنمان هەبێت بۆئەوەی کە ئیمکانی نییە هەر ڕۆژەی کرێکاران لە گۆڕەپانی شەقام و سەنگەردابیت، تا ڕوخانی ئەم حکومەتە فاشیستە، چونکە هاوکات ئەو پێویستی بە نان و بژێوی ژیان هەیە. چینی کرێکاری ئێران سەرباری ئەوەی بەهۆی سەرکوتگەری و فاشیەتی ئەو دەسەڵاتەوە کەمتر دەرفەتی ڕێکخراوبوونی پێدراوە، سەرباری ئەوەی کە بەردەوام لە مەیدانیەو نارەزایەتیەکانی خۆی بە شێوازی جیاواز دەبات بەڕێوە کە دەکرێت بڵێن نەک تەنیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەی خەباتکارترین کرێکارانێکە کە لە مەیداندان، بەڵکو لە ڕاستیدا تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا ئامادەی و فیداکاری ئەم چینە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بەدیدەکرێت. دەکرێت لە خۆمان بپرسین کە لە کام گۆشەو کەناری جیهاندا کرێکاران ساڵانە چوار یا پێنچ هەزار نارەزایەتی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تۆمار دەکات؟ ئاخر تۆ بۆ هەریەک لەو خۆپیشاندان و نارەزایەتی و مانگرتن و شکڵ و شێوازەکانی تری ئەو نارەزایەتی دەربڕینانە دوو بۆ سێ ڕابەرو ڕێکخەرو هەڵسوڕاوی هەبێت، ئەمە واتە بوونی زیاتر لە دە هەزار ڕابەرو هەڵسوڕاوی کرێکاری کە ساڵانە سەدان کەسیان لە زیندانەکاندا مەحکوم دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن. ئایا بەڕاستی ئەمە ئاستێکی باڵا لە ئامادەی چینی کرێکار نییە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی جیدی لە ژیانی خۆیدا، ئایا ئەمە حەقیانەت نادات بەو ئاستی چاوەڕوانییە لە چینی کرێکاری ئەم وڵاتە کە نەک تەنیا توانای هاتنە مەیدانی بە پانتای کۆمەڵگەی ئێران هەیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەم

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

چینە هێزی ئاڵۆگۆڕ پێهێنەری هاوکێشەکان و پشت پێبەستنیەتی بۆ تەواو کردنی مەسیری ئەو خەبات و تێکۆشانەی کە نزیک بە پێنج مانگە لە سەد و پەنجا شاروشارۆچکەی ئێراندا هاتووەتە مەیدان. لە هەموو ئەمانەش بەدەر نابێت فەرامۆشی بکەین کە بە هەمان شێوە کاتێک کە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا پاش نزیک بە ساڵێک دواجار ئەوە چینی کرێکار بوو کە شەریکەی نەوتەوە قوفڵیدا لە ناردنە دەرەوەی نەوت بە خێراییەکی زۆرو لە ماوەیەکی کورتدا هاوکێشەکەی گۆڕی و شۆڕش بەرپابوو. بۆیە چاوەڕوانیکە ئەوەیە کە کرێکاران مۆری چارەنوساز لەم دۆخەو شوڕشەکەیان بدەن. قۆناغی دووهەم لە خۆنمایش کردنی بورژوازی ئێران کەمپەینی شکستخواردوی (دەتکەمە وەکیل) ڕێکخستوە، کە شازادە ویستی میداڵێکی تری سەروەری بکاتە گەردنی، بەڵام پاش چەند هەفتە تەنیا سێ سەد هەزار کەس پشتیوانی لێکردن کە تەنانەت ١٪١٠٠ دەنگدەری خەڵکی ئێرانی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات پێشوازی لەم هەنگاوەی ڕەزاشا کرد.

**بۆپێشەوە: لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندان و جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی ئێراندا، هەوڵەکانی بۆرژوازی لەوانە شاهەنشایی و سیلیبریتییەکان، دەستی پێکردووە، دیارە لە پشتیوانی ئەمریکاو غەربیش بەهرەمەندن، ڕۆڵی ئەوان چۆن دەبینن و چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەبێ لەبەرامبەر بەهەوڵ و نەخشەکانیان، چ هەنگاوێک بگرنە بەر؟**

**ڕێبوار عارف:** وەلام لەگەڵ دەسستپێکی هاتنە مەیدانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، لەپایزی ساڵی ڕابردوەوە بەشیعاری (ژن، ژیان، ئازادی) و (نە بە شا، نە بە ڕابەری، ئازادی و بەرابەری) بۆرژوازی لەوانە شاهەنشایی و سیلیبریتییەکان، هەر زوو بەوە گەشتن کە ئاراستەی ئەم خرۆشانە جێگەوڕێگەی ئەم هێزانەی تێدا نابێتەوەو ئەوان بەڕادەیەک نامۆن بە 'شەقامی سیاسی ئێران لە جەرگەی ئەم خۆپیشاندان و خرۆشانانەدا هەر زوو بەرەی بۆرژوازی نائومێد کردو بەوە گەیشتن کە دەبیت بیر لە ڕێگەیەکی تربکەنەوە کە ئەویش پشت بەستنە بە بۆرژوازی غەرب و ئەمریکا بە مەبەستی دووبارە کردنەوەی جۆرێکی تر لە هەمان ڕێکەوتنامەی (گوادلۆ)ی ساڵی ١٨٧٨ کە ئەمریکاو ولاتانی هاوپەیمانی خومەینیان پێ گەڕاندەوە ئێران دواتر حکومەتی جمهوری ئیسلامیان پێ دروستکرد. هەربۆیە ئەم بەرەیە لە سەعاتی سفری دواین چرکەکانی سالی ڕابردودا شەش کەسایەتی ئەم بەرەیە کە پێکهابوون لە ڕەزا شا، مسیح علینژاد، علی کریمی، ،،،،، ئەمە هەنگاوێک بۆ جۆرێک لە لێک نزیک بوونەوە بەرەو بەرەیەک... قۆناغی دوهەم لە خۆنمایش کردنی بورژوازی ئێران کەمپەینی شکستخواردوی (دەتکەمە وەکیل) ڕێکخستوە، کە شازادە ویستی میداڵێکی تری سەروەری بکاتە گەردنی، بەڵام پاش چەند هەفتە تەنیاسێ سەد هەزار کەس پشتیوانی لێکردن کە تەنانەت ١٪١٠٠ دەنگدەری خەڵکی ئێرانی لە ناوخۆ دەرەوەی وڵات پێشوازی لەم هەنگاوەی ڕەزاشا کرد. قۆناغەکانی دواتر ڕووبەڕوی شکستی گەورەتر بوونەتەوە، بەجۆرێک کە ئیعتیباریان لای بۆرژوازی غەربیش زۆر هاتە خوار، بەڵام دیارە ئەوان بەهەموو ئەمانەشەوە درێژەدان بەم ڕێگەیە بەتەنیا ڕێگەی ممکینی خۆیان دەزانن کە نابێبت مەترسیەکانی بەکەم بگرین.

**بۆپێشەوە: ئاییندەی ئەم بزوتنەوەیەی لە ئێراندا درێژەی هەیە، چۆن دەبینن، ئایا پاشەکشەی پێدەکرێت، یان دەتوانێت دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران بروخێنێت؟**

**ڕێبوار عارف:** تا ئێستە واناسراوە ئەو ڕۆژەی کە مەهسا ئەمینی لە گۆرستان سەقز بەخاک سپێرا ئەوە جەستەی ئەو کچە بوو کە شیعاری ( ژن ژیان ئازادی ) خستە سەر زمانی ملیۆنها ئینسانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی لە گۆڕنانی مێژووی دەسەڵاتداریەتی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو، ئەوەی کە تائێستاو تا ئایندەکی نزیکی تر پەلکێش دەکرێت جەستەی گەنیوی دەسەلاتیکە کە دەیان ملیۆن "نا" ی مەحکەمیان بەتەوڵیدا کێشاو حوکمی مەرگی ئەم دەسەلاتە دراوەو کۆتای هاتووە، درەنگ یا زوو پرۆسە تەکاملی ئەو شۆڕشەیە. پاشەکشەکردن بەبزوتنەوەیەک کە زیاتر لە سەد ڕۆژ کوچەو کۆلان و شەقامی سەدو پەنجا شارو شارۆچکەی داگیر کردبوو مەحال وناممکینە، تازە جاریکی تر نە ئەم بزوتنەوەیە پاشەکشە بکات نە بەهیچ جۆرێک ئەم حکومەتە دەسەلاتدارتی پێش مەرگی مەهسا ئەمیننی بەخۆیەوە ببینێتەوە، ئەوەی کە هەبیت پشت سەرنانی کاتێکە نزیک بوونەوەی شەقام لە شەرە شەری سەرومال تا ڕزگار دەبێت ئینسان لەم جەورە ستەم و نابەرابەریە...

**لەگەڵ دەسستپێکی هاتنە مەیدانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، لەپایزی ساڵی ڕابردووەوە بەشیعاری (ژن، ژیان، ئازادی) و (نا بۆ شا، نا بۆ ڕابەری، ئازادی و بەرابەری) بۆرژوازی و لەوانە شاهەنشایی و سیلیبریتییەکان، هەر زوو بەوە گەشتن کە ئاراستەی ئەم خرۆشانە جێگەوڕێگەی ئەم هێزانەی تێدا نابێتەوەو ئەوان بەڕادەیەك نامۆن بە 'شەقامی سیاسی ئێران...**

# لاهور شێخ جەنگی و بەکارهێنانی کارتی سوتاو...

٢٢ی شوبات، لاهور شیخ جەنگی لە پەیامیکیدا بەدوای بریاری دادگای ئاسایشی هەولێر بەوەی لە دووخستنەوەی لە یەکێتی کارێکی نایاسای بووەو دادگا دۆسیەکەی بەسودی ئەو بریارلێداوە، رای گەیاند کە لەمەو دوا دەسەلاتەکانی وەکو هاوسەرۆکی یەکێتی بەکاردەهێنێت و ئەگەریش ریگەی نەدرێت و ناچاربکرێت، بەناوی یەکێتیەوە بەجیا دریژە بەکاری سیاسی خۆی دەدات...

بەر لەهەموو شتیک دادگا چ لە بەغداو چ لە هەولێر لە ژێر هەژموونی سیاسییدایە و دەستێورەردانی سیاسی هەرەشە دەتوانێت ئاراستەی دادگایی کردن و بریاری دادگا بگۆرێت... ئەگەر کەسێک لەو بارەیەوە گومانێکی هەبێت، کیشەکە لای کەسەکە خۆیەتی نەک لە دادگا کە لەدۆخی سیاسی عیراق و کورستاندا ناتوانێت سەربەخۆ بێت. بریاری دادگا لە هەولێر لە بەرژەوەندی لاهور شیخ جەنگی شکایەوە، بەلام بەهیچ جۆرێک ئەمە لە بەرژەوەندی لاهور شێخ جەنگی نییە، هەروەکو چۆن دادگا لە بەغدا بەسودی بافل تاڵەبانی بریاریدا، بەڵام بەسودی بافل تاڵەبانی نییە... ئاخر دادگایەک بە هەرەشە و بۆ بەهرەداری سیاسی و بە ئامانجی دیاریکراو بریار بدات، لەهیچ دۆسیەیەکدا براوەو دۆراو دیار نییە و کەسی براوە پیش وەختە دۆراوەو کەسی دۆڕاویش پیش وەختە قوربانییە.

دادگا لە بەغدا کە لەژێر هەژموونی لایەنگرانی دەسەڵاتی وابەستەی ئیراندایە، پیویستی بە بە بافل تاڵەبانی و یەکێتییە، و ناچارە دادگا بخاتە خزمەتیەوە و دۆسیەکان بەسودی ئەو یەکلایی بکاتەوە... لە هەولیریش دادگا کە لەژێر هەژموونی سیاسی پارتی وابەستە بە تورکیاو نەیاری ئیراندایە، بریارێک نادات بە زیانی خۆی تەواو بێت و سود بە هیزی سیاسی نەیاری لە هەرێمدا بگەیەنێت.

لاهور شیخ جەنگی بە کارتی وەستانەوە بەرووی پارتیدا، لە ململانێی نێوخۆی یەکێتیدا، خوازیاری بەهیزکردنی پیگەکەی بوو، وە بە پۆزی وەستانەوە بەرووی پارتیدا، دەیەویست پیگەی دارماو و ڕوولەخواری یەکێتی بەرەو هەڵکشان بباتەوە... ئیستا دادگای هەولێر کە بریاری لە سودی ئەوداوە، بەر لەهەموو شتیک پارتی نیشانیدا کە بێ لایەن لەدۆخی ناوخۆی یەکێتی نییە، هەروەها لاهور شیخ جەنگی وا لێکردووە دان بە پارتی و بریاری دادگادا بنێت، کە پیشتر شمشیری بەرووی دەسەڵاتەکەیدا بەرز کردبۆوە. ئەمەش نەک پیگەی لاهور شیخ جەنگی بەهێز ناکات، بەڵکو بەکردەوە گورزێکی کاریگەری وەشاندە لاهور و بانگەشەکانی پێشووی.

خەونی دەسەڵاتی هاوسەرۆکی یەکێتی و گەرانەوە بۆ پۆستی بریاردراوی کۆنگرە لەلایەن لاهور شێخ جەنگیەوە، خەونێکی نەزۆکە، نە بافڵ تاڵەبانی قبوڵی ئەوە دەکات و نە ڕیگایەکی تریش هەیە بۆ ئەوەی لاهور وەکو کادرێکی سەرەکی بگەڕیتەوە ناو یەکێتی، نەوەکو وەکو هاوسەرۆک... جیا لەوانەش لاهور شیخ جەنگی ئەگەر بەناوی یەکێتیەوەو بەجیا بیەوێت دریژە بەکاری سیاسی بدات، بەر لەهەموو شت لە ژێر باڵی پارتی و لە هەولێرەوە ناتوانێت هیچ رۆڵێکی بەرجەستە بگێرێت... پارتی لاهور شیخ جەنگی و ململانێی ناوخۆیی یەکێتی بەکار دەهێنێت بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی و لەپیش هەمووشیاندا لاوازکردنی یەکێتی تا رادەی هیزێکی بچکۆلەی دەستو پێ سپی وبێ کاریگەر... بەتاییبەتیش کە یەکیتی چ لەناوخۆیدا هیزێکی داڕوخاوەو چ لەسەر ئاستی زۆنی سەوزدا، بەهۆی بێ پرۆژەی، سەرکوتی ئازادییەکان، ئیمتیازدان بە ئیسلامیەکان و مەلا و بانگخوازە دژە ژن و کۆنەپەرستەکان و پاشکۆیەتی ئاشکرای بۆ ئیران، تادێت کیرقی روو لەخوارەو لەوەش زیاتر توخمەکانی لیکترازان لەناوخۆیدا زۆتر دەبن.

لاهور شیخ جەنگی و هیچ کەسایەتیەکی سیاسی بە پشتیوانی بریاری دادگای زۆنێک، یان خۆبەستنەوە و مانەوە لەژێر سیبەری هیزی میلیشیای لایەنێکدا نەک ناتوانێت ببێتە یارییچیەکی کارا، بەڵکو ئەوەی پیشوتریش بوویەتی لەدەستی دەدات و دەبێتە قوربانی ململانێیەکی گەورەتر... بۆیە کارتی ئیستای دەستی لاهور شیخ جەنگی بۆ گەرانەوەی بۆناو یەکیتی و بە پیگەی پێشوویەوە، یان دریژەدان بە کاری سیاسی بەجیاو بەناوی یەکێتیەوە کارتێکی پێش وەختە سوتاوە.

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

## درێژەی... بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

ڕەخنەگرتن لە هەموو لایەنە سیاسی، کەلتووری و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیەکانی کۆمەڵگا، هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە ئاماژەیەک بۆ بەناو موقەددەساتی میللی و نیشتمانی و دینی و□تاد لەیاساکاندا وەکو فاکتەرێک بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕەخنە و ڕادەربڕینی جەماوەر. قەدەغەکردنی هەرجۆرە وروژاندن و چاوسوورکردنەوەیەکی دینی و میللی و..تاد لەدژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی تاکەکان.

### ئازادی دینداری و بێدینی.

مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان بۆ هەموو کەسانی سەروی شانزە ساڵ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئینتمای دینی، ئەتنیکی، نەتەوەیی، پلە و پۆست، ڕەگەزنامە، مەرام و بیروباوەڕی سیاسی، هەروەها ئازادیی هەر کەسێکی سەرووی شانزە ساڵ بۆ خۆکاندیدکردن لە هەر دامەزراوە و ئۆرگانێکی نوێنەرایەتیدا، یان بەدەستهێنانی هەر پۆست و پلەوپایەیەکی ئینتیخابیدا.

قەدەغەکردنی پشکنینی بیروباوەڕ، مافی هەرکەسێک لە سەرپێچیکردن لە شایەتیدان لە دژی خۆی کە ببێتە بەڵگەی تاوانبارکردنی خودی ئەو کەسە، ئازادی نەدرکاندنی بۆچوون و بیروباوەڕی شەخسی.

ئازادی بێقەیدوشەرتی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، ئازادی سەفەر و جێگۆڕکێ بۆ هەموو کەسانی سەرووی شانزە ساڵ بەژن و پیاوەوە، قەدەغەکردنی هەرجۆرە کۆنترۆڵکردنێکی هەمیشەیی هاتوچۆ لە ناوخۆی وڵاتدا لەلایەن دەوڵەت و کاربەدەستانی پۆلیسەوە، هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە قەیدوشەرت دانانێک بۆ چوونەدەرەوە لە وڵات. بەخشینی بێقەیدوشەرت و دەستبەجێی بەڵگەی سەفەر و پاسپۆرت.

قەدەغەکردنی دانانی هەرجۆرە کۆسپ و تەگەرەیەک لەبەردەم هاتوچۆی خەڵکی وولاتانی دیکە بۆناو وولات ؛ بەخشینی ڕەگەزنامەی وڵات بە هەرکەسێک کە خوازیاری بێت و ئیلتزاماتی هاوڵاتیبوون قبووڵ بکات، بەخشینی بێقەیدوشەرتی مۆڵەتی مانەوە و کارکردن بۆ کەسانێک کە خوازیاری مانەوەن لە کوردستاندا.

پارێزراوبوونی ژیانی تایبەتی کەسەکان؛ پارێزراوبوونی شوێنی ژیان، نامە و نامە گۆڕینەوە و گفتوگۆی تەلەفۆنیان لە هەرجۆرە دەخالەتێک لەلایەن هەر دەسەڵاتێکەوە، قەدەغەکردنی گوێ هەڵخستن بۆ قسە، شوێنکەوتن و چاودێریکردن، قەدەغەکردنی هەر جۆرە چاودێریەکی پەیوەندی و زانیاری گۆڕینەوەکان لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە. قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژیانی تاکەکانەوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی ڕەسمیی لەخۆیان. مافی هەر کەسێکی دانیشتووی وڵات لە دەستەبەرکردن و بینین و خوێندنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی کە سەرچاوە دەوڵەتیەکان لەسەر ئەو هەیانە.

ئازادیی هەڵبژاردنی کار و پیشە.

ئازادیی بێقەیدوشەرتی هەڵبژاردن و پۆشینی جلوبەرگ، هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە قەیدوبەندێکی فەرمی یان نافەرمی لەسەر شێواز و چۆنێتی جلوبەرگی خەڵکی، چ ژن چ پیاو، لە شوێنە گشتیەکاندا، قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکاریەک یان سنووردانانێک بۆ تاکەکان لەسەر بناغەی جلوبەرگ و پۆشاکیان.

ئازادیی لێپرسینەوە و چاودێری نوێنەرانی خەڵک بەسەر هەڵسووڕان و بەڵگەنامە و نوسینگەکانی دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا، قەدەغەکردنی دبلۆماسیی نهێنی

### ماویەتی

**بەرنامەی دنیایەکی باشتر... بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکارییە وەکو بەدیلی بۆرژوازی ئەم سەردەمەو دەسەڵاتەکەی، بیخوێنەوە و بیگەیەنن بەدەستی هاوپیشەو هاوکار و دۆستەکانتان...**

## درێژەی .... دوا وتە

کە ناچار بەخۆسوتاندن کراون، تالە دۆزەخی ناو خێزان و کۆمەڵگە، خویان رزگار بکەن، زۆر کەمترن لە ئامارو تۆمارە واقعییەکان و ئەو دیو پەردەکان.

دەنگی نەبیستراوی ژنانی ئەودیو دیوارەکان و ناو چوار دیواری ماڵ، کە بەدەست کاری ناوماڵ و مناڵداری، کە بەدەست تورەیی و سوکایەتی پێکرنەوە، تا دەگات بە زۆری سێکسی و لێدانەوە... دەناڵێنن و نە دەتوانن و نە بواریان پێدەدرێت بەیانی ناخی بریندار و دڵشکاویان بکەن، زۆر زیاترە لەو ئامارانەی رادەگەیەنرێن.

کۆمەڵگە هێشتا پڕ نەفرەتە بەرامبەر بە کارەساتی هەڵەبجە و سەرجەم دڕندەییەکانی بەعس. هێشتا نەفرەت لەجەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی پارتی و یەکێتی و... درێژەی هەیە، هێشتا کۆمەڵگە وێڵی چارەنووسی بێسەرو شوێنەکانی جەنگە. هێشتا کۆمەڵگە خوازیاری بە دادگا کێشانی تۆمەتبارانی جەنگی ناوخۆ، تۆمەتباران و کرێگرتەکانی بەعسی روخاو، تۆمەتبارانی ١٧ شوبات و رۆژانی دواترە... کەچی هێشتا کۆمەڵگە بەرامبەر تۆمەتبارانی ستەمکار لەسەر ژن، لەسەر ئازاردان و خەتەنەکردنی ژنان، لەسەر تیرۆرکردنیان، لەسەر خولقاندنی کەشی نائینسانی و نەداری و پەنابردنیان بۆ لەشفرۆشی، لەسەر سازکردنی ژینگەی خۆکوژی ژنان بۆئەوەی جەستەی خۆیان، گڕ بدەن... وە لەبەرامبەر تۆمەتبارانێک کە ژن وەکو ئینسانی پلە دوو، ئینسانی کۆیلە و بێماف تەماشا دەکەن و هەموو هەست و بوونی ژن وەکو کاڵاو خاوەندارێتی تایبەتی خۆیان لەقەڵەم دەدەن... هەستیار نییە. ئەمە لە کاتێکدایە تۆمەتبارانی ژن ئازاردەر و بێمافیەکانی ژنان و کوشتاری ژنان... ئاشکران و دەشێ لەناو خێزانەوە، لە ناوبەرگریکەرانی کەلتوری داوکەوتوانەی کۆمەڵگەوە، لە پاریزەرانی یاساکانی سەرچاوەگرتوو لە شەریعەت "قورعان و حەدیس" وە، لە لایەنگرانی پەروەردەی کۆنەپەرستانەوە.. تا دەگات بەو ئاخوندانەی زیاتر لە هەزاران مزگەوتەوە، بانگەشەی بێمافی ژنان و کوشتاریان لە ژێر ناوی شەرەفپارێزیدا، وێنا دەکەن... بدۆزێنەوەو دادگا سزای جەنگی نەبراوەی دژە ژنیان، بدات...

هۆکاری ئەم جینۆسایدە هەموو ڕۆژەیەی، ژنان، لەکوردستان بە پلەی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەیە، ئەو دەسەڵاتەی دەستی بە دینەوە گرتووە، سەرچاوەی یاساکانی لە دینەوە، دارشتوە. دینی تێکەڵی دەوڵەت و سیاسەت و یاساو خوێندن و پەروەردە، کردووە. شانازی دەکات بەوەی کە لەزیاتر لە ٢٨٠٠ مزگەوتەوە، وتاربێژی دەکرێت، و لەچەند ساڵی رابردوودا، بەهەزاران مزگەوتیان دروست کردوەو ئەمەش بە خۆشگوزەرانی دەرخواردی کۆمەڵگە دەدەن، وە شانازی دەکەن کە سەرچاوەی یاساکان و تەنانەت دەستوری پێشنیاری کوردستانیش، بنەما سەرەکیەکەی دینی ئیسلامە، هەر ئەوەشە دۆزەخی واقعی لە دنیای زیندوی ئیستادا بۆ ژنان داخستووە. ئەو دەسەڵاتەی ڕێگەی داوە حزبی سیاسی لەسەر بنەمای ناسنامەی دینی، دروستبکرێن و لەداهاتی خەڵکی کوردستانیش، کلور کلور دەکەن بە گەرویاندا و لەولاشەوە وەزارەتی ئەوقاف و دەیان هەزار مەلای بەلاشخۆریان بەناوی مەلاو "زانایانی ئاینی" قوتکردۆتەوە.

هەستیار کردنی کۆمەڵگە و راچەنینی بەرامبەر بەو دۆخە، پێویستی بە جەنگێکی فراوانی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان هەیە لەدژی نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتە سیاسییەکەی، کە دەستی دین و نەریتە کۆنەکانی بە تەواوی تێکەڵی سیستەمی سیاسی و ئیداری و یاسایی و پەروەردەیی و کەلتوری کۆمەڵگە کردووە.

یەکسانی یاسایی و ماف و ئازادییە و فەردی و مەدەنیەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان، بەبێ هەڵمەت و پەلامارێکی هەمەلایەنە بۆ سەر دەسەڵات و دین و نەریتە کۆنەکان و جیاکردنەوەیان لە سیستەمی سیاسی، مەیسەر نابێت. بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ئازادیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، دەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر و گرتنەبەری بواری هەڵسورانی فراوان و جەماوەری و مەیدانی، جەنگی خۆی لەدژی هەموو ئەو یاساو رێساو نەریتانە رابگەیەنێ و بۆی تێبکۆشێت کە ڕێگەی یەکسانی یاسایی نێوان ژن و پیاوانی بەستووە. خەبات بۆ یەکسانی تەواوی ژنان و پیاوان لەهەموو مافە فەردی و مەدەنیەکان و دابینکردنی یەکسانی بۆ بەشداریان لە ژیانی سیاسی و لە مەیدانی ئابوری و کاری پیشەییدا، تا ئازادی عیشق و مافی پێکەوە ژیانی هاوبەش و مافی جیابونەوە، مافی یەکسان لە خێزاندا لە پەیوەند بەکاروباری ناوماڵ و سەرپەرشتی مناڵەوە...تاد. وە ناچارکردنی دەسەڵات بۆ دانانی سزای قورس بۆ هەر جۆرە ئازاردان و ترساندن و سوکایەتی پێکردن و ئازادی زەوتکردن و هەرچەشنە توندوتیژیەک کە لەدژی ژنان و کچان دەکرێت...تاد. ئەمانە ئەو مافە سەرەتایانەن کە دەتوانێت شکۆی بەرزی ژن تا رادەیەک بگێڕێتەوە سنورێک بۆ زەبری بەردەوامی پیاوسالاری لەسەر ژنان دابنێت و ئەو خوێن بەربوونەی کۆمەڵگە رابگرێت. مانفێستی هەشتی مارس، دەبێ بەیانی نا وتن بێت، لە دژی سوکایەتی پێکردن، توندوتیژی جەستەیی و دەرونی، جوداسازی جنسی و بەسزاگەیاندنی تۆمەتبارانی ژن ئازاردەرو ژن کوژ...

مارسی ٢٠٢٣

**تیبینی: ئەم وتارە چەند ساڵ پێش ئێستا نووسراوە...**

بۆپێشەوە
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
د. ڤیان سلێمان، عەبدوڵا مەحمود، کاکەلاو تەحسین، حەکیم میرزا، وریای ڕەسام، کاوان قادر ، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس ڕەشید، دلێر محەمەد نوری، حەکیم میرزا، جەمال نوری، توانا حەمەنوری...


## لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

# دوا وتە

# جینۆسایدی ژنان و ناهەستیاری کۆمەڵگە!

**عەبدوڵا مەحمود**

بیستنی ئاماری قوربانیانی هەڵگریسانی جەنگێک، تسۆنامیەکی سروشتی لەچەشنی (گرگان، لافاو وشکە ساڵی و ڕەشەبا بومەلەرزە)، تا دەگات بە ڕوداوەکانی هاتوچۆ... ئینسان توشی ڕاچەنین، دەکات. هەواڵی کردەوە نائینسانیەکانی ڕژیمە دیکتاتۆرو چنگ بەخوێنەکان و گرووپە تیرۆریستیەکان، دژ بەهاوڵاتیان، ئینسان تەکان دەدات. هەواڵی مەرگی برسییەکان، هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان، زوڵمی قەومی، دڵی ئینسانی هوشیار دەگوشێت. بە بیرهاتنەوەی



قوربانیانی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی، سوێی کارەساتی هەڵەبجە و ناوچە ژەهر ڕێژکراوەکانی تر، ئەنفال، برینی کەس و کارو ئازیزانی پەتی سێدارەو و قوربانیانی ژێر شکنجە هەتوان نەکراو، جێگای نەفرەتی کۆمەڵگەو بزوتنەوەی شارستانی سەردەمن... کەچی قوربانیانی ئاپارتایدی جنسی، کە قوربانیانی زۆر لەهی جەنگە ناوخۆیی و سروشتیەکان، لە قوربانیانی هەڵەبجە، لە قوربانیانی جەنگەکان، زۆرترن، کەچی هێشتا کۆمەڵگە وەکو پێویست پێی هەستیار نییە، وەکو جەنگێکی شەرمئاوەرو نابەرابەر دانی پیانانەنراوە.

بیرخستنەوەی ماوەی ساڵ و مانگ و کاتی جەنگە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی و وڵاتییەکان و ئاماری کەم ئەندام و کوژراوانی، ئینسان سەراسیمە دەکات، کەچی جەنگی نەبڕاوەی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی، پیاوسالاری، مەزهەبی و دینی و قەومی، جەنگی قورعان و حەدیس و ئیسلام و کەلتوری دارزیوی دەستەو تاقمەکانیان لەدژی ئینسانی بوونی ژن، بۆ ساتێک چییە هەدا نادات، بەڵام جێگای تەئەسوفە، کۆمەڵگە دان بە بوونی ئەو جەنگە رانەگەیەنراوە، بەڵام واقعییەدا، دانانێت. ئاماری کوشتنەکان، لە کوشتنی عیشقەوە بۆ کوشتنی جەستەیی، ئاماری توندوتیژیەکان لە توندوتیژی سیکسیەوە بۆ توندوتیژی دەرونی و فیزیکی و تا دەگات بە" خەتەنە" بڕینی جەستەی هەستەوەری سێکسی ژن، ئاماری جەستەی بێئەژماری هەڵقرچاو،

بۆ لاپەڕە 12

# هەشتی سێ

**نووسینی:عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

له هەشتی سێدا
لەچی بڕوانم له هەشتی سێدا
له ستەمی پیاو
باڵاپۆشی ژن
نەریتی ڕزیو
تەماشای چی بکەم
سووتان لووت بڕین
یان فرۆشتنی ژن به زێر و زیو

لەهەشتی سێدا
ڕۆژی خەباتی جیهانی ژنان
چیت پێشکەش بکەم
ماچ
گوڵ
سۆز
وەفا
یان پەیمان بدەم ئەی جەنگاوەری ئاڵای سوور بەدەست
بچمەوە به گژ ستەم و جەفا

له هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن به کانکای شادی و خرۆشی
دەبن به دەریای بانگی یەکسانی
پراوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

له هەشتی سێدا
هەناسەی ژانی ستەمی ژنان
دووکەڵی ئازار هەڵدەمژێ و جیایه
چونکه ژنانی ئەم سەر زەمینه
هەشتی مارس نەبێ یاد دەکرێنەوە
دەنا هەمیشه ئافرەت تەنیایه

له هەشتی سێدا
لەبەر پیرۆزی پێکەوە خەبات
دەمەکه دیاری گوڵێکی سوور جوان
هەر وەك ڕوخسارت قەشەنگ ڕازاوە
ئاخر ئەی هاوڕێی ڕێی بەرخوردانم
لەڕۆژی ژنان هەر چاوی منی خەباتگێڕەوە وا
ئەسرینی عەشقی ئازادی ژن و پیاوی تیازاوە

له هەشتی سێدا
زەنگی پڕ لەزری بڕیاری خەبات
گوێی بورژوازی کۆمەڵ کاس دەکا
پێکەوەبوونمان له جەنگی ستەم
گۆڕانییەکه دونیای یەکسانی ژینمان باس دەکا

له هەشتی سێدا
دڵم لێوانلێو بەرخوردانێکه
عەشقی ڕزگاری لێ پڕە و دەڕژێ
شیعرم دەبێته ئاگردانێك و
چی چەوسانەوە و کۆیلەیی و خەمە تیایدا دەبرژێ

له هەشتی سێدا
دەستم له دەستی ژنی خەباتکار
سەودای بانگەواز وەك هەور بڵنده
مەلێ تێکۆشان بۆ دادپەروەری لەئاسمانی ژین
شەقەی باڵی دێ هەروەك باڵنده

بۆ من گشت ڕۆژێ هەر هەشتی سێیه
ژنانی ئینسان لووتکەی ئاوات و
ترۆپکی هیوای سەنگەری بوونن
ئاخر ژنانن ئەگەر بخوازن گڕی زنجیرن
ڕووباری ئاوی سازگار و ڕوونن.

له هەشتی سێدا
هەردووك بۆ ژیان دەڵێین گۆرانی
دڵ ڕێژاو دەکەین لێوڕێژ له جوانی
هەشتی مارس ڕۆژی دەنگ هەڵبڕین و بڕیاری جەنگە
ڕۆژی بینینی ئاواتەکان و
ڕۆژی گڕدانی شوورەیی و نەنگە

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام

